گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# قەیرانی سووریا لە ڕوانگەی (پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن)ـەوە

**د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد**

بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و دبلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

zubir.ahmed@su.edu.krd

**بڕوا ئیسماعیل ئیبراهیم**

پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

قوتابی ماستەر ، فاکەڵتی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

brwaismail247@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/١٩

پەسەندکردن:٢٠٢١/١٢/٨

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Syrian crisis, Security Council, Responsibility to Protect, Humanitarian Intervention, Veto*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.7.2.7

## پوختە

بەرپرسیاریەتی پاراستن 'Responsibility to Protect' بەوە ناسراوە کە "پێوەرێکی نێودەوڵەتییە بۆ مەبەستی ڕێگری کردن لە گەرەنتی سەرنەکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جارێکی تر لە بەرامبەر تاوانە قێزەوەنە بە کۆمەڵییەکان هەر وەک تاوانی کۆمەلکوژیەکان و تاوانی جەنگ و لەناوبردنی عرقی و ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتین". مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرپەرچدانەوەو و ڕێگری کردن لەو کارە بە کۆمەڵیە دڕندانەی کە ڕویاندا لە ڕواندا و یوگسلافیای پێشوو لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. بیرۆکەی بەرپرسیاریەتی پاراستن لە سالی ٢٠٠١ لەلایەن لیژنەیەکی نێوەدەوڵەتی بۆ دەستوەردان لە سەروەری دەوڵەتان ICISSداهێنرا. ئەم بیرۆکەیە بۆ مەبەستی لابردنی ئەو لەمپەرەی کە ڕێگر بوو لە دەستوەردانی مرۆیی زیاتر بەرەوپێش بردرا. واپێشبینی دەکرا کە، تاوانە گەورەکانی کۆمەلکوژی بنە جێگای تێڕامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. قەیرانی سووریا بەیەکێک لە تراژیدیاترین قەیرانی سەدەی بیست ویەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادەنرێت، کە زیاتر لە دە ساڵە بەردەوامی هەیە، کە پێشێلی هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانی تێداکراوە، بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئاوارەبوونی ملیۆنان هاووڵاتی سڤیل، وسەرەڕای ڕێکنەکەوتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی پاڵپشتی ڕووسیا بۆ ڕژێمی سووریا بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، وای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆلی وەک پێویست نەبینێت لە دەستوەردانی مرۆییانە لە سووریا. برگە یاسای 'بەرپرسیارێتی پاراستن (بەتایبەتی بەندی ستوونی یەکەم، بەرپرسیارێتی وڵات بۆ پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیانی) بۆ پێنج جار لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەوەتەی ساڵی ٢٠١١ەوە دەنگی لەسەردراوە و داواکراوە، بەهۆی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە لە سووریا.
لە ئەنجامدا چەمکی بەرپرسیاریەتی پاراستن بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی، لاوازی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە لە ڕووبەڕوبوونەوەی تاوانە کۆمەڵکوژیە قێزەوەنە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە کارەساتی مرۆیی سووریا ئێستا یەکێکە لە نموونە دیار و بەرچاوەکانی شکستخواردن لە جێبەجێکردنی برگە یاسای بەرپرسیارێتی پاراستن.

## پێشەکی

ئەو قەیرانە مرۆییەی لە ساڵی 2011 لە سووریا دەستی پێکرد وتا ئێستا بەردەوامی هەیە، بەرەو قەیرانێکی مرۆیی گەورە پەرەی سەندووە کە دەکرێت بە یەکێک لە گەورەترین تراژیدیا مرۆییەکانی مێژووی جیهان ناوببرێت. چونکە قەیرانی سووریا بەرزدەبێتەوە بۆ کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە میانەی سەیرکردنی ژمارەی قوربانییە مرۆییەکان و مردنی خەڵکی مەدەنی و ژمارەی ئاوارەبووەکان لە ئەنجامی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و پێشێلکاری بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ. هەرچەندە ئەو کێشەیە جێگای مشتومڕی زۆرە، بەڵام بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بەتایبەتی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە ، پێویست بوو ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لە قەیرانی مرۆیی هاوشێوەی قەیرانی سووریا و کۆتایی پێهێنانی. چونکە هەر دەستوەردانێکی

مرۆیی سەربازی بە پێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەندێ کات دەشێ ببێتە هۆی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە دۆخەکانی قەیرانی مرۆیی مەترسیداردا. نموونەی وەک قەیرانی کۆسۆڤۆ هەیە هەرچەندە ئەنجوومەنی ئاسایش تەئکیدی لەوە کردەوە کە دەستوەردانی سەربازی ئەمریکا مرۆیی بووە، بەڵام بەبێ مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایش کراوە و لەبەر ئەوە بە دەستوەردانێکی نایاسایی دانراوە، بەڵام ڕەوا بووە چونکە مەبەست لێی کۆتاییهێنان بووە بە قەیرانەکە.
چەمکی بەرپرسیارێتی پاراستن لە ساڵی 2001 دا لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان لە سەروەری دەوڵەتانەوە خرایە ڕووICISS ، ڕاپۆرتی لیژنەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ناکرێ ئەو دەوڵەتانەی شکست دەهێنن لە ئەنجامدانی ئەم بەرپرسیارێتییە یان ئەوانەی مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانانیان پێشێل دەکەن داوای سەروەریی دەوڵەت بکەن کە لە دەستوەردانی دەرەکی بیانپارێزێت.

## گرنگی توێژینەوە

هەر سێ کۆلەگە سەرەکییەکانی کە پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لەسەری دامەزراوە لە قەیرانی سووریا بە تەواوی بەدی دەکرێت، سووریا وەک ووڵاتێک لە پر کێشەترین ناوچەی دونیا کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، بووەتە جێگەی سەرنجی چەندین وولاتی زلهیزی دونیا کە لە سەردەمی ئێستادا زۆرترین ململانێی زلهێزەکان لە گۆڕەپانی سووریادا یەکلایی دەکرینەوە لە سەر ئاستی ووڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. هەر لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی نێوان ووڵاتانی زلهێز وای کردوە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەتوانن بەپێی پێویست بەشدار بن و کێشەکە چارەسەر بکەن.
گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە، کە دەیهەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە دەست نیشانی گشت ئەو ئەکتەرانە بکات کە بەشدارن و کاریگەریان هەیە لەسەر چەسپاندنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لە کێشەی سووریا و، لە هەمان کاتدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە شرۆڤەی گشت ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لە ئەنجامی ئەم کیشەیەدا لەم ناوچەیەدا ڕوودەدەن و کاریگەریان هەیە لەسەر ئاشتی و ئاساییشی هەرێمی و نێودەوڵەتی. و هەروەها جەخت دەکرێت لەسەر ڕۆلی بەشداربوونی وولاتانی زلهێز لە کێشەی سووریادا و کاریگەری لەسەر لاواز بوونی پێگەی

ئەنجوومەنی ئاسایش و پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لە گەیشتن بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیە.

## خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێشوو

هێز وەک یەکێک لە چەمکە هەرە باوەکانی نێو دونیای سیاسەت زۆرترین نووسین و گفتوگۆی لەسەر کراوە لەلایەن توێژەرو سیاسەتوانان، چونکە هەر هێزە کە ڕۆڵ و پێگەی هەر یەک لە ئەکتەرەکانی نێو جیهانی سیاسەت چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یاخود نێوخۆی دیاری دەکات. ئەم توێژینەوەیەش یەکەمین توێژینەوە نیە کە گرنگی دەدات بە ڕۆلی یەکێک لە ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان ئەویش کە ئەنجوومەنی ئاسایشە لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەمبەر کێشەی سوریا، بەلکو چەندین توێژینەوە لەم بارەوە نووسراون و لێکۆلینەوەی دەربارەی کراوە. بۆ نمونە،

Steffanie de wolff Olsen لە ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی "When the state and the international community cannot protect: Study of the Syrian conflict and the responsibility to protect"، لە ساڵی ٢٠١٧ لە زانکۆی ئالبۆرگی دانیمارکی بڵاوکراوەتەوە، توێژەر هەوڵی داوە هەموو ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر هاوڵاتیانی سڤیل کراوە بخاتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ڕژێمی سووریا لە ئەنجوومەنی ئاسایش. هەوڵی داوە بنەماکانی بەرپرسیارێتی پاراستن شیبکاتەوە، ئەوەی جێگای سەرەنج بوو کۆڵەگە سەرەکییەکانی بەرپرسیارێتی پاراستن ڕەنگی نەدابۆوە وەکو کۆتا ڕێگا بۆ دەستوەردانی سەربازی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش. و هەروەها توێژەر جگە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی و، هیومن ڕایتس وتش بە هاوکاری لە گەڵ وڵاتانی زلهێزی وەکو ئەمریکا و ڕووسیا، چارەسەرێک بۆ تەنگژەی سووریا بدۆزنەوە بە جێبەجێ کردنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن.

جگە لەمە گاریس ئیڤانیس توێژەرێکی ترە کە لەم بارەیەوە توێژینەوەیەکی کردوە بە ناونیشانی The consequences of non= intervention in Syria: Does the responsibility to protect have a future?، ئیڤانس کە بە ئەندازیاری بەرپرسیارێتی پاراستن دادەنرێ، قەیرانی سووریا بە یەکێک لە

خراپترین ململانێکانی سەدەی بیست یەک دەبینێت کە بەردەوامی هەیە. ئاماژە بە هەموو ئەو پێشیلکاریانە دەکا، کە پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش دەستوەردانی سەربازی بکات بە پشت بەستن بە پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستنەوە. نووسەر بەر لەوەی ڕێوشوێنەکانی دەستوەردانی سەربازی بێنێتە پێش لە ئەنجوومەنی ئاسایش، نموونە بە (ناتۆ) دەهێنێتەوە کە سەرکەوتوو بوو لە لیبیا بووە هۆی نەمانی ڕژێمی قەزافی و کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیل. بۆیە ڕەخنە لە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش وەکو ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا دەگرێت، کە هەڵوێستێکی جدییان نەبوو لە ئاست قەیرانی سووریا، نموونەش بە ڕواندا و سڕبیا دەهێنێتەوە کە ئەمریکا دەستوەردانی نەکرد، بووە هۆی کوژرانی ملیۆنان هاوڵاتی سڤیل. ئیڤانس بە توندی دژی ئەو بۆچوونانە وەستا، کە پێیان وابوو بەرپرسیارێتی پاراستن لە ئەنجوومەنی ئاسایش مردووە. ئەوەی جێگای سەرنج بوو لە کەیسی سووریا باس لە هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ناکات بە گرتنەبەری چەندین ڕێوشوێنی دبلۆماسی وەکو بڕیارەکان بەر لە دەستوەردانی سەربازی.

هەروەها **نزار ايوب**، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی: **التدخل الدولي الانساني في سورية ومسؤولية الحماية**، کە لە (مركز حرمون للدراسات المعاصرة- ٢٠١٧) ئەنجامی داوە، نووسەر زۆر گرنگی بە لایەنی دستوەردانی مرۆییانەی کردووە لە سووریا، وە ڕێگەی بە دەستوەردان داوە بە پێ ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەی تێبینی دەکرێت کەیسەکانی وەکو (سۆماڵ، بۆسنە، کۆسۆڤۆ) بەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە بە هۆی دەستوەرنەدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ کارەساتێکی خولقاند بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی دوای شەڕی سارد. نووسەر زیاتر گرنگی بە دەستوەردانی مرۆییانە داوە، دوور کەوتۆتەوە لە پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لە قەیرانی سووریا، بۆیە نووسەر بنەماکانی بەرپرسیارێتی پاراستن بە گرنگ وەرنەگرتووە بۆ کۆتایی هێنان بەو تاوانە قێزەونانەی دوور لە عورف و یاسا نێودەوڵەتیەکان کە لە قەیرانی سووریا بەرجەستە بووە.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی گشت ئەو سەرچاوانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکردووە و هەروەها سەرچاوەی تریش کە توێژینەوەیان لەم بارەوە کردوە لە هیچ کامێکیان ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بەدەست بێنین کە ئایا پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن سەرکەوتوو بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سووریا یان نا؟ ئەوەی جیگەی گرنگیپێدانە ئەوەیە کە دەستوەردانی وڵاتانی زلهێزی وەکو ڕووسیا و ئەمریکا بۆتە هۆکارێک بۆ لاوازکردن ویەکخستنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گشت کۆڵەگە سەرەکیەکانی بەرپرسیارێتی پاراستن ڕوون بکەینەوە، و شکستی بەرپرسیارێتی پاراستن لە قەیرانی سووریادا بخەینەڕوو.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا گرنگی دەدەینە میتۆدی جۆری (qualitative)، وەکو جۆرێکی گرنگ بۆ شیکردنەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان کە پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن دەخەینە ڕوو لەبەرامبەر کێشەی سووریادا. و هەروەها بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانیش، پشت بە سەرچاوەی سەرەکی دەستی یەک(primary sources) وەکو، (بڕیارەکان و ڕاپۆرتەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش).و هەروەها سەرچاوەی لاوەکی دەستی دوو (secondary sources) وەکو (کتێب ،نامەی ماستەر، و تویژینەوەکانی ئەکادیمی، سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان) بەکاردێنین بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکەمان.
لەم توێژینەوەیەدا پشت بە کۆمەلێک میتۆدی زانستی بەستراوە وەک میتۆدی سیستەمی(المنهج النظمي) و میتۆدی شیکاری (المنهج التحليلي) ئەمەش بۆ مەبەستی شیکردنەوەی بابەتەکان نەک تەنیا باس کردنی کاریگەریەکان و دژیەکیەکان و هۆکارە دیار و نادیارەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر پەیوەندییەکان. لە کۆتایدا بۆ مەبەستی دووربینی و پێشبینی کردنی بابەتەکان میتۆدی دووربینی (المنهج الاستشرافي) بە گرنگ وەرگیراوە.

## چوارچێوەی تیۆری

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی دۆزینەوە وشیکردنەوەی گشت ئەو پرسیارو سەرنجانە دەدەین لەچوارچێوەی ڕوانبینینی تیۆری (نیورپالیزم)، کە بەیەکێک لەتیۆرە هەرە بەناوبانگەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێت لەکاتی جەنگ و ململانێکاندا، بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی هۆکارەکانی

سەرهەڵدانی ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان ئەکتەرەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وبەتایبەتی نێوان وولاتان.

بەپێی بۆچونی نیوریالیزمەکان لە دیارترین ئەو رەخنانەی ئاراستەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێ ئەوەیە: ئەو رێکخراوە قورسایی و گرنگییەکی زۆری داوە بە وڵاتە گەورەکان زێدەباری ئەوەش رۆل وکاریگەریەکی زۆری لە سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵی پێداوە بە گوێرەی ئەوەی لە ماددەی (2)یدا هاتووە، ئەوەش پێچەوانەی ئەو بنەمایانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناویدا دامەزراوە چونکە دەبینین زۆربەی ماددەکانی ئاماژە بە یەکسانی لە سەروەری وڵاتان دەکات لە کاتێکدا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی داوە بە پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەمە لە دیارترین کۆسپەکانی بەردەم ئەم رێکخراوەیە بۆ تەوزیفکردن و کاریگەری ئەرکەکانی.

بۆیە دەتوانین لە قەیرانی سووریادا، پشت بە تیۆری نیوریالیزم ببەستین بۆ تێگەیشتن لە رۆل و پێگەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئاست کێشە و ململانێیە نێودەوڵەتیەکان.

## پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

ئایا پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن سەرکەوتوو بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی سووریا؟

لە پاڵ پرسیاری سەرەکی پرسیاری لاوەکیشمان هەیە وەک:

بۆچی دەستوەردانی مرۆیی بە گوێرەی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن لە قەیرانی سووریا رەچاونەکرا؟

## گریمانەی توێژینەوە

لەسەر بنەمای پرسیاری سەرەکی توێژینەوە، گریمانەی ئەوە دەکەین کە ئەنجوومەنی ئاسایش لەژێر پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە، لە بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە چەمکی بەرپرسیارێتی پاراستن ، هەروەها لەبەشی دووەمدا دەستوەردانی مرۆیی و کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن باس کراوە، هەر چی بەشی سێیەمیش جەخت لە سەر دوو تەوەر کراوە یەکەم/ دەستوەرنەدانی مرۆییانە لە سووریا کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن، هەروەها لە تەوەری دووەمیش/ ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش و جێ بەجێ کردنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن تاوتوێکراوە.

## ١.'بەرپرسیارێتی پاراستن'

### ١.١.چەمکی 'بەرپرسیارێتی پاراستن'

بەرپرسیارێتی پاراستن، وەکوو ڕێبازێکی نوێیە بۆ پاراستنی دانیشتوان لە ترسناکیی ئەو کردەوە قێزەون و تاوانە گەورانەی کە دەرهەقیان ئەنجام دەدرێ. ''بیرۆکەی پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی و ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی زوو'' **(UNRIC, 2021)**.

دوای قەیرانە مرۆییەکەی ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکی گەشەپێدانی چەمکێک بوو بە ئامانجی باشتر پاراستنی خەڵک و کەمکردنەوەی قەیرانە مرۆییەکان. لە ساڵی ٢٠٠٠، کۆفی ئەنان، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاپۆرتە ژمارە هەزارییەکەیدا نارەزایی خۆی بەرامبەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە شکستەکان لە ڕواندا و یوغسلافیای پێشوو کرد. کۆفی ئەنان ئالنگاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی کاری زیاتر ئەنجام بدەن بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی ئەم جۆرە تاوان و کۆمەڵکوژیانە **(UN, 2021)**.

لەڕاپۆرتێکدا لە ساڵی 2000 بەناونیشانی (ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەدەی بیست و یەک)دا دەرچوو ، کۆفی ئەنان گوتی: ''ئەگەر دەستوەردانی مرۆیی، لە ڕاستیدا، دەستدرێژیەکی ڕێ پێنەدراو بێت بۆ سەر سەروەری و شکۆمەندی، چۆن دەتوانین بەرپەچی ڕواندا و کۆسۆڤۆ بدەینەوە بۆ ئەو پەرەسەندن و پێشێلکاریە سیستەماتیکیانەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، کە هەموو چاوەڕوانیەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوبەشی مرۆڤایەتیمان خراپ و ناشیرین دەکات". 1لە ساڵی 2001 ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەتان(ICISS) دەرچوو کە چەندین مشتومڕی لەبارەی شەرعییەتی ڕووداوەکانی دەستوەردان لە کۆسۆڤۆدا وروژاند، چونکە هەوڵەکانی کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرینگی لەم چوارچێوەیەدا بینی، **(Annan, 2000 .,p.48)**

دوای یەک ساڵ، لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان(ICISS) زاراوەی 'بەرپرسیارێتی پاراستن'ی خستەڕوو وەک " وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی کۆفی ئەنان سەبارەت بەوەی دەبێت کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستوەردان بکات لەپێناو مەبەست و ئامانجی مرۆڤایەتی" لێرەوە بووە هۆی دەرکەوتنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن**(ICRtoP,2021)** .

یەکێک لە پیناسە باوەکانی بەرپرسیارێتی پاراستن کە لەلایەن "[2]ایف ماسینغهام"ەوە پێناسە کراوە: "بەرپرسیارێتی پاراستن ڕێبازێکی نوێیە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی سڤیل لە پاکتاوی بەکۆمەڵ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێک دەوڵەتێک ناخوازێت یاخود ناتوانێت گیانی هاوڵاتیەکانی بپارێزێت لەبەرامبەر جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی بەشێوەیەکی فراوان"**(خوضير، سعدي،٢٠١٩،ص١٠)**.

[1] لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان (ICISS) لە دیسمێبەری 2001 ،ڕاپۆرت و ئەو ئاکامانەی دەرکرد کە پێی گەیشت و داوای کرد بەرپرسیارێتییەکە قەبووڵ بکرێت لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پاراستنی ئەو دانیشتووانانەی گرفتاری زیانی گیانی و پاکتاوی نەژادی بە شێوەیەکی بەرفراوان بوونەتەوە. لیژنەکە لە دوازدە ئەندام پێکهاتبوو و بە سەرۆکایەتیی "(گاریت ئیفانز)وەزیری دەرەوەی پێشووی ئوستراڵیا و سەرۆکی جێبەجێکاری گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و (محەمەد سەحنوون) دیبلۆماتکاری جەزائیری و ڕاوێژکاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەندامانی لیژنەکە لە چەند پسپۆڕییەك هەڵبژێردران بە سوپا و یاسا و ناوەندە ئەكادیمی و سیاسییەکان و حوکم و کار و پەرەپێدان (وە ژمارەیەك وڵات) ڕووسیا و ئەڵمانیا و کەنەدا و باشووری ئەفریقیا و ئەمریکا و سویسڕا و گواتیمالا (هەروەك تیمێکی توێژینەوەی نێودەوڵەتی هەبوو بە سەرکردایەتی "تۆماس فایس" کە مامۆستایەکی ئەمریکییە و "ستانلیك سامکاجن" کە پارێزەرێکە لە زیمبابۆی، پاڵپشتی پێشکەشی کاری ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەکەن کە چەندین جار کۆبوونەتەوە و لە چەند مێزگردێکی نیشتمانی و هەرێمایەتی ئامادەی ڕاوێژکردن بوونە.

[2] ایف ماسینغهام: لە بواری یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کاری دەکرد لە ڕێکخراوی مانگی سووری ئوستراڵی، و هەروەها دەرچووی یاسا و یاسای نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی نێودەوڵەتییە.

کۆفی ئەنان لەساڵی ٢٠٠٤ پشتگیری لە چەمکی 'بەرپرسیارێتی پاراستنی'(R2P) کرد، ''بژاردەی دەسەڵاتی دەستوەردانی سەربازی وەک دوایین پەنا بۆبردن، لەحاڵەتی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵ و سڕینەوەی نەتەوەیی و توندوتیژیە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆڤایەتی کە حکومەتە خاوەن سەروەریەکان سەلماندوویانە کە ویستی ڕێگریکردنیان نییە'' **(UN,2021)**.

لە لوتکەی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥دا، هەموو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر جۆرێک لە پابەندبوونی سیاسی. لوتکەی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥ تایبەت بوو بە چاکسازیە بنەڕەتییەکانی سیستەمی مافەکانی مرۆڤ، کە تیایدا وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێ و گفتوگۆیان لەسەر بیرۆکەی 'بەرپرسیارێتی پاراستن' کرد**(ICRtoP,2021)**. نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندام تیایدا چەمکی 'بەرپرسیارێتی پاراستن' R2Pیان دەرکرد، بۆ ئەوەی کەمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگری لە تاوان و کۆمەڵکوژی زیاتر بکەن**(UNRIC, 2021)**.

پێوەری دەستوەردانی دەسەڵاتی تایبەتمەند لە بڕیاردانی دەستوەردان بریتییە لە پێوەری هەرە گرنگ. ڕاپۆرتی لیژنەکە ئاماژە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەسەڵاتی تایبەتمەندی دادەنێ لە ڕێگەی یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی کە (ئەنجوومەنی ئاسایش)ە ، چونکە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە (نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتیش دامەزراوەی ئەنجوومەنی ئاسایش تاکە دامەزراوەیە لەم ڕێکخراوەدا کە دەسەلاتی پەسەندکراوی جیهانی هەیە کە دەتوانێت ڕەوابوونی ئەو ئۆپەراسیۆنانە ساخ بکاتەوە)**(تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول،٢٠٠١)**.

لە ساڵانی دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندار بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان، خرایە بەرنامەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هەوڵی تایبەتی سکرتێری گشتی (کۆفی ئەنان) لە ڕاپۆرتەکەیدا بە ناونیشانی "جیهانی ئارامتر**(تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول،٢٠٠١)**، بەرپرسیارێتی هاوبەش "کە بە هاوکاری تیمی ئاستبەرز پەیوەست بە هەڕەشە و ئاڵنگارییەکان و گۆڕاندا هاتووە: ئێمە پشتیوانی لە پرەنسیپی نوێی بوونی بەرپرسیارێتی دەستەجەمعی نێودەوڵەتی دەکەین بۆ ئەو پاراستنەی ئەنجوومەنی ئاسایش پەیڕەوی دەکات کە وەک دوا پەناگە دەسەڵاتی دەستوەردانی سەربازی دەدات. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە بە تایبەتی، دووپاتی دەکەنەوە کە لێرەدا دانپێنانێك هەیە کە مەسەلەکە"مافی دەستوەردان " لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە نییە،

بەڵکو " بەرپرسیارێتی پاراستن " هەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی هەر وڵاتێك کاتێک پەیوەست دەبێ بە نەهامەتییەکانی دانیشتوان کە دەکرێ لە کارەساتێک دووربخرێتەوە، وەک کوشتنی بەکۆمەڵ، دەستدرێژی بەکۆمەڵ، پاکتاوی ڕەگەزی بە ڕێگای بەزۆر دەرکردن و ترساندن و برسیکردنی بە ئەنقەست و تووشکردنی نەخۆشییەکان**(United Nations ,2004, p.65)**.

وەک پشتڕاستکردنەوەی "بەرپرسیارێتی پاراستن، لە 28ی نیسانی2006 دا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری 1674 ی لەبارەی پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە ململانێ چەکدارییەکان پەسەندکرد، ئەوەش یەکەم جارە ئەنجوومەنی ئاسایش بنەمای " بەرپرسیارێتی پاراستن " پەسند دەکات. بڕیارەکە لە بەندی چوارەم، دووپاتی حوکمەکانی بڕگەکانی 138 و 139 کردەوە لە بەڵگەنامەی کۆتایی 3کۆنگرەی لوتکەی جیهانی ساڵی 2005ی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی پاراستنی دانیشتوان لە تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی ئەوەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی . لە شوباتی 2008 سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاوێژکارێکی تایبەتی دامەزراند، ئەرکی پەرەپێدانی لایەنە چەمکی و سیاسی و جێبەجێکارییەکانی بەرپرسیارێتی پاراستنی پێ سپێردرا**(ایوب،٢٠١٧،ص ٨)**.

---

3 کۆنگرەی لوتکەی جیهانی ساڵی 2005 مادەکانی:

138- "بەرپرسیارێتی پاراستنی دانیشتووان لە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ و پاکتاوی نەژادی و تاوانە دژ بە مرۆییەکان دەکەوێتە سەر شانی هەر دەوڵەتێك بە جیا.)...(لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە – بەپێی پێویست - هەستێت بە هاندان و یارمەتیدانی وڵاتان لەسەر لەئەستۆگرتنی ئەم بەرپرسیارێتییە و پاڵپشتیکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تواناداربوون لەسەر ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت".

139- "هەروەها لە میانەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە شتێکی تریش دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەویش پابەندبوونە بە هۆکارە گونجاوەکانی دیبلۆماسی و مرۆیی و هۆکارە ئاشتییانەکانی تر، بەپێی بەشی شەش و هەشتی بڕوانامەکە)...(وە ئامادەییی خۆمان دەردەبڕین بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی بەکۆمەڵ لە کاتی گونجاو و بە ڕێگایەکی یەکلاکەرەوە لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە و بەپێی بڕوانامەکە، بە بەشی حەوتەمیشەوە، لەسەر بنچینەی هەر حاڵەتێك بەجیا و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە هەرێمایەتییە پەیوەندارەکان بەپێی پێویست لە حاڵی کەمتەرخەمی هۆکارە ئاشتیخوازییەکان و دەستەوسانی ڕوونی دەسەڵاتە نیشتمانییەکان لە پاراستنی دانیشتووانەکەی لە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ و پاکتاوی نەژادی و تاوانە دژ بە مرۆییەکان".

لە ساڵی 2009 بە سەرۆکایەتی (بان کی مۆن) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان زنجیرەیەک گفتوگۆ کرا کە گرنگترینیان جێبەجێکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستنی خەڵکی مەدەنی بوو و، ستراتیژییەکی سێ کۆڵەکەیی بۆ پەرەپێدانی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن دیاریکرا **(د.الادريسي, ٢٠١٣).**

## ١.١.١.کۆڵەگەکانی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن

کۆڵەگەی یەکەم بەرپرسیارێتی دەوڵەت بوو لە پاراستنی خەڵکەکەی لە تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، هەم لە سروشتی دەوڵەت و هەم لە پابەندبوونە یاساییەکانی دەوڵەت،

کۆڵەگەی دووەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە کە یارمەتی دەوڵەتان بدات تا بەرپرسیارێتی پاراستنی لەئەستۆ بگرن.
کۆڵەگەی سێیەم "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە هۆکارە دیبلۆماسیی و مرۆییە گونجاو و ڕێگا ئاشتیخوازەکانی دیکە بەکاربهێنن بۆ پاراستنی خەڵک لەم جۆرە تاوانانە. ئەگەر وڵاتێک شکستیهێنا لە پاراستنی دانیشتوانەکەی یاخود لەڕاستیدا خۆی ئەنجامدەری تاوانەکان بێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت ئامادەبێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری بەهێزتر، لەگەڵیشیدا بەکارهێنانی هێزی کۆکراوە لەڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان" **(ICRtoP,2021;GlobalR2P, 2021).**
دەبینین کە بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن کە لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان لە ساڵی 2001 دا پێشکەشی کرد هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی شەرعییەتی دەستوەردانی مرۆیی، ئاماژەی بەوەش کردووە کە مافە سەروەرییەکانی دەوڵەتان تەنها لە مافی بەرگری پێک نایەت، بەڵکو سێ بەرپرسیارێتی تایبەت و دیاریکراویش لە ئەستۆدەگرێت: بەرپرسیارێتی لە ڕێگریکردنprevent، بەرپرسیارێتی کاردانەوە react، هەروەها بەرپرسیارێتی لە دووبارە بنیاتنانەوە rebuild، لەبەر ئەوە بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بەو جۆرە مانایانە بووە بە ڕێبازێکی گشتگیر کە قۆناغەکانی پێش دەستوەردان و دوای دەستوەردان دەگرێتەوە **(د.الادريسي، ٢٠١٣).**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیارێتی لە ڕێگریکردن ئەوە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت دەستنیشانی هەریەک لە ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکان و هەروەها هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ململانێیەکان بکات بۆ ئەوەی بزانێت کە لەسەر چ ئاستێک خەڵکانی کارلێکراو و زیان پێگەیشتوو پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەیە. "ڕێگریکردن بریتیە لە تاکە ڕەهەندی زۆر گرنگ بۆ بەرپرسیارێتی پاراستن: بژاردەکانی ڕێگریکردن پێویستە هەموو کات بەکاربهێندرێن پێش ئەوەی بیر لە دەستوەردان بکرێتەوە، هەروەها دەبێت پابەندبوون و سەرچاوەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت.
لە بەشی دووەمدا، بەرپرسیارێتی کاردانەوە، کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی "پێویستە بەرپەرچدانەوە و وەڵامی هەبێت لە حاڵەتی پێداویستی زۆری مرۆیی بەدابینکردنی چارەسەری گونجاو کە لەوانەیە چارەسەری بەزۆریش لەخۆبگرێت وەک؛ سزادان و دادگاییکردنی نێوەدەوڵەتی، هەروەها لە حاڵەتە توندئاژۆییەکان دەستوەردانی سەربازیش ئەنجام بدرێت".

بەشی سێیەم بریتیە لە بەرپرسیارێتی بۆ دووبارە بنیاتنانەوە، کە پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی بۆ دابینکردنی " هاوکاری تەواو بۆ گەڕاندنەوە بۆ باری ئاسایی و بنیاتنانەوە و ئاشتبوونەوە". ئەمەش لەپێناوی ئەوەی خەڵک و وڵاتی دەستوەردراو دوای قەیرانە مرۆییەکان بگەڕێنەوە باری ئاسایی پێشوویان. بەگوێرەی 'بەرپرسیارێتی پاراستن' و یەکرِیزی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندام تیایدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت وەڵامی هەر قەیرانێکی مرۆیی بداتەوە و چارەسەری بکات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە، لەڕێگەی بەکارهێنانی هەر یەک لە سێ بەشە پێکهێنەرەکە**(ICISS, 2001;جابر،٢٠٢١)**.
سەرەڕای ئەمەش، ئەگەر دەستوەردانی سەربازی پێویست بوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت شوێن پرەنسیپە پێشوەختەییەکانی بەرپرسیارێتی پاراستن بێت. ئەمەشیان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن کە وڵاتی دەستوەردراو گومان لەو هاوکاری و یارمەتیەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش دەکرێت نەکات.
یەکەم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت مەبەستی سەرەکی دەستوەردان دیاریبکات، هەروەها وڵاتانی دەستوەردەر بەهەر پاڵنەرێکی دیکە بێت، دەبێت ئەشکەنجەدانی مرۆیی ڕابوەستێندرێن و نەهێڵدرێن .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەی نێودەولەتی پێویستە لەوە دڵنیابێت کە مەبەست و نیەتێکی دروست هەیە بۆ هەر دەستوەردانێک.

دووەم، تەنها ئەگەر هاتوو هەموو ڕێگریەکی نا سەربازی یاخود چارەسەری ئاشتیانە شکستی هێنا، ئەوا دەستوەردانی سەربازی دەکرێت بەکاربهێندرێت. ئەمەش وەک دوایین بژاردە پەنای بۆ دەبردرێت، کاتێک کۆمەڵگەی نێوەدەولەتی دەبێت هۆکاری گونجاو و دادپەروەرانەی هەبێت بۆ ئەنجامدانی هەر دەستوەردانێکی سەربازی.

سێیەم، کۆمەڵگەی نێودەولەتی دەبێت هۆکارە گونجێنەرەکان دەستنیشان بکات، بۆیە " پێویستە قەبارە و ماوە و چڕی دەستوەردانی سەربازیی پلاندانراو لە کەمترین ئاستی پێویست بێت بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی دیاریکراوی پاراستنی مرۆیی".

چوارەم، پێشبینیە ژیرانە و گونجاوەکانی دەستوەردانی سەربازی پێویستی بە دەستنیشانکردن و هەلی سەرکەوتن هەیە بۆ نەهێشتن و وەستاندنی ئەشکەنجەدان کە بووەتە پاساو بۆ دەستوەردانەکە، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی کردارەکان خراپتر نەبێت لە دەرئەنجامی هیچ نەکردن'' **(ICISS, 2001)**.

چەمکی پرەنسیپی پاراستن ئەوەیە کە وولاتی ئامادە بۆ دەستوەردان پشتگیری ئەنجوومەنی ئاسایش وەربگرێت، هەروەک چۆن هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ) لە بۆسنا لە سالی 1994-1995 ئەنجامی دا وە لە لیبیا لە 2011. کەچی وێنە زۆر بوێرەکەی بەرپرسیارێتی پاراستن جەخت لە شەرعییەتی دەستوەردان دەکاتەوە بۆ ڕاگرتنی کارەساتەکان تەنانەت بە بێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایش. ئەو پێشنیارەش کە لێژنەی نێو دەولەتی پەیوەست بە دەستوەردان و سەروەری دەولەتان لە ساڵی 2001 پێویستی بە پەسندکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو، بەڵام دەرفتی دا بەرامبەر بە ئەگەری ئەوەی کە هەندێک حاڵەت هەن دەستوەردان تێیدا "شەرعییەتی" هەیە تەنانەت بەبێ وەرگرتنی پشتگیری نەتەوە یەککگرتووەکان. ئەم قسەو باسەش بەکارهێنرا بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم هێرشە ئاسمانیانەی کە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی ئەنجامی دا لە کۆسۆڤۆ لە ساڵی 1999 **(بیتراسیک،٢٠١٣)**.

هەوڵەکان بۆ گۆڕینی 'بەرپرسیارێتی پاراستن' لە ڕێبازێکی سادەوە بۆ نۆڕمێکی نێودەوڵەتی دانپێنراو پێویستی بە کۆدەنگییەکی فراوان هەیە لەنێوان وڵاتانی خاوەن سەروەری. لەگەڵ ئەوەشدا،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیارێتی پاراستن R2P، سەرەڕای بوونی بیروبۆچوونە دژ بەیەکەکان، هەوڵدەدات گفتوگۆکان بجولێنێت دەربارەی زیادکردنی بەرپرسیارێتییەکان. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەرکی لەسەرە، لەوەش گرنگتر، بەرپرسیارێتی ڕێگریکردن و کاردانەوەی بۆ حاڵەتەکانی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕەشکردنەوەی نەتەوەیی، هەروەها یارمەتیدان بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا دوای قەیرانێکی گەورەی مرۆڤایەتی.

## ٢.دەستوەردانی مرۆیی و کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن

شەرعیەتی دەستوەردانی مرۆیی، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیەک پرەنسیپی تێدایە، کە لە دیارترینیان بنەمای یەکسانییە لە نێوان هەموو ئەنداماندا، هەروەها ڕێگەگرتن لە دەستوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری ناوخۆی یەکتردا( پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ماددەی2، بڕگەی یەکەم). لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاونیشتمانییەکانی لە ناواخنی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەوڵەتدایە، لە پەیماننامەکەدا هیچ شتێك نییە ڕێ بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدات دەست وەربدات لەو مەسەلانەی کە لە ناخی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەوڵەتدان، وە شتێکی وای تێدا نییە کە بخوازێت ئەندامان ئەم جۆرە پرسانە بۆ چارەسەرکردنی بەپێی پەیماننامەکە بخەنەڕوو، بەڵام ئەم بنەمایە زیان ناگەیەنێ بە پیادەکردنی ڕێوشوێنەکانی سەرکوتکردن کە لە بەشی حەوتەمدا هاتووە(پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ماددەی2 ، بڕگەی حەوت)**(د.الادريسي،٢٠١٣).**

لەساڵی 1980 ەوە دەستوەردانی نێودەوڵەتی بۆ مەبەستەکانی پاراستن لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە بانگەشەی شەڕی دژی تیرۆر یان پاراستنی هاوڵاتییان و بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوە یان پاراستنی دیموکراسی یان بە هۆکاری مرۆیی کە بریتییە لە پاراستنی خەڵکی مەدەنی، بەرفراوانتر بووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ، دەستوەردانی سەربازیی دەرەکی بە پاڵنەری پاراستن بووە و بەردەوام و هێشتاش مایەی مشتومڕی توندە کاتێک لە سۆماڵ و بۆسنە و کۆسۆڤۆ ڕوویدا و، کاتێک کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لە مامەڵە کردن و چارەسەر کردنی کێشەی ڕواندا کەمتەرخەمی کرد. ئەگەرچی ئەمریکا زانیاری پێشوەختەی هەبوو کە ئاماژە بە بوونی ڕوودانی کۆمەڵکوژی دەکات لە ڕواندا، بەڵام مکوڕ بوو لەسەر کشانەوەی هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەش بواری کردەوە تا لە ساڵی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1994 دا کۆمەڵکوژی ڕوویدات کە نزیک ملیۆنێک مرۆڤ بوون بە قوربانی لە ماوەیەکی زۆر کەم لە ئەنجامی ئەم شەڕە**(BBC, 2021)**.

مشتومڕی دەستوەردانی سەربازی توندتر و چڕتر بوو کاتێک پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە ساڵی 1999 دەستوەردانی لە کۆسۆڤۆ کرد و ئەم کێشەیەش بووە مایەی ناکۆکییەکی توندی نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش وایکرد بەسەر دوو بەرەدا دابەش بن. هەندێکیان دەیانوت پاساوی یاسایی هەیە بۆ ڕێوشوێنە سەربازییەکان بەبێ مۆڵەتپێدانی نوێی ئەنجوومەنی ئاسایش و بەبێ ئەوەی ئەم ڕایە بەڵگەی پێویست پاڵپشتی بکات، لایەنی ئەخلاقی یان مرۆیی بۆ پاساودانی دەستوەردان بەتوندی ئامادە بوو. هەبوو وای دانا کە دەستوەردان کوشتار و قوربانییەکان زیاتر دەکات وەك لەوەی ڕێی لێ بگرێ و، ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەو ڕێگە و شێوازە دەستوەردانە سەربازییە کرا کە هاوپەیمانان ئەندامانی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ) ئیدارەی پرۆسەکەیان پێ کرد**(ريجيرت،٢٠٠٧; تقريراللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول، ٢٠٠١)**.

لە ئەنجامی ئەو کێشانەی کە باسکران و ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ چارەسەر و مامەلەو دەستوەردان یاسازانان و توێژەرەکانی بواری نێودەوڵەتی بەو ئەنجامە گەیشتن کە لە کاتی شەڕی ساردا دەستوەردانی مرۆیی لەنێو بایەخپێدانی وڵاتە زلهێزەکانی وەک(ئەمریکا و ڕووسیا)نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ دەوڵەتی لەبەریەکهەڵوەشاو و لاوازدا ژمارەیەک دەستوەردان ڕووی دا، بەڵام زیاتر وەڵامدانەوەی خواستەکانی شەڕی سارد و ستراتیژییەتەکانی بوو وەك لەوەی خاوەن مۆرکێکی مرۆیی بێت**(Collier, 2008,p.124)**. لە دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی زاراوەیەکی تازە بەگەرمی هاتە ناو کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەویش زاراوەی جەنگی سارد بوو. جەنگی سارد ململانێیەکی ئایدۆلۆژی و گرژیەکی سیاسی و هەڕەشەی دبلۆماسی وجەنگی دەروونی و پرۆپاگەندە بوو، لەگەڵ گوشاری ئابووری وپێش برکێی چەکداری، دەتوانین بڵێین حاڵەتێک بوو نە ئاشتی و نەجەنگی راستەقینە**(حسێن،٢٠١٨،ل١٦٩)**.

بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بە پەرەسەندنی دەستوەردانی مرۆیی دادەنرێ کە مشتومڕێکی سیاسی و یاسایی دەوروژێنێ، دەستکردن بە بیرکردنەوە لە چەمکی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن وەک چەمکێکی جیا لە چەمکی دەستوەردانی مرۆیی، چونکە بۆچوونێک پێیوایە چەمکی پرەنسیپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیارێتی پاراستن ناوێکی ترە بۆچەمکی دەستوەردانی مرۆیی. واتا لە بنەڕەتدا لەسەر چەمکی دەستوەردانی مرۆیی دامەزراوە، لەبەرامبەردا، دەستوەردانی مرۆیی واتە دەستوەردانی سەربازی بۆ مەبەستی مرۆیی نە زیاتر نە کەمتر، کەوا پێویست دەکات لایەنداری بۆ دەستوەردان بێت لەو حاڵەتانەی کە بە زۆری ژمارەی کوژراوان و ململانێ ڕەگەزی و ئەتنی و ئاینییەکان دەناسرێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بیرۆکەی بەهێزی دەستوەردانی مرۆیی لە ململانێ ناوخۆییەکان و تێپەڕاندنی سەروەری نەتەوەیی ، هەموو ئەو فاکتەر و کارتێکەرانە بۆ کەی و لە کوێ دەتوانرێ نەتەوە یەکگرتووەکان دەستوەردان لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان بکات**(Evans, 2008,p.290)**.

مشتومڕ و گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ دەستوەردانی مرۆییانە دەکرێت ببێتە پاساوێک بۆ دەستوەردانی سەربازی کۆمەڵێک لایەنی نێودەوڵەتی نیگەران کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، مشتومڕەکە ڕووبەڕووی سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆتەوە لەناو خودی خۆیاندا. زۆربەی لایەنەکان ڕازی نین لەسەر ئەوەی کە کێ خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە بۆ ڕێگەپێدانی دەستوەردانەکە؛ هەربۆیە، بیروبۆچوونەکانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش دژیەک و جیاوازن لەسەر ئەوەی کە لە چ بارودۆخێک و چوارچێوەیەکدا دەستوەردان بۆ ڕزگارکردنی ئەوخەڵکانەی کە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە پێویست و ڕێگەپێدراوە**(ایڤانس،٢٠١٣)**.

بە پێی ئەوانەی ڕابورد ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەرەدا، یەکەم : باسی دەستێوەرنەدانی مرۆییانە دەکەین لە سووریا کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن، لە دووەمیشدا باسی ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش و جێ بەجێ کردنی پرنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لە کەیسی سووریا دەکەین.

## ٣.بەرپرسیارێتی پاراستن و قەیرانی سووریا

### ١.٣. دەستوەرنەدانی مرۆییانە لە سووریا کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن

بنەمای دەستوەرنەدان لەبنەما سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بنەمایەکی ڕاست ودروستە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مەبەست لێ ی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپشت بەستن بەیەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی بەرپرسیارێتی پاراستن هەر کاتێک دەوڵەت شکستی هێنا لە پارێزگاریکردنی هاووڵاتیانی سڤیل لە پاکتاوی ڕەگەزی، تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوکات بەرپرسیارێتی پاراستن دێتە پێشەوە، بەدەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ووڵاتان**(بیدوکان،٢٠٢٠)**.

قەیرانی سووریا بە یەکێک لە تراژیدیاترین قەیرانی سەدەی بیست ویەک دادەنرێت، کە زیاتر لە دە ساڵە بەردەوامی هەیە، کە پێشیلی هەموو عورف ویاسا نێودەوڵەتیەکانی کردووە، بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی[4] و ئاوارەبوونی ملیۆنان هاووڵاتی سڤیل، وسەرەڕای ڕێکنەکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی پاڵپشتی ڕووسیا بۆ ڕژێمی سووریا، وای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆلی وەک پێویست نەبینێت لە دەستوەردانی مرۆییانە لە سووریا**(جیمني،٢٠١٣)**، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەوا بەرژەوەندی و سیاسەتی ولاتانی زلهێز دەتوانن ببنە لەمپەر یاخود ڕێگر لەبەردەم دەسەلات و ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش وێنایەکی ڕوونتری نیو ڕیالیزمەکان دەردەخات کە بیروڕایان وایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵیان نیە، ئەگەر ڕۆڵیشیان هەبێ زۆر کەمە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی و سیاسەتی ووڵاتانی زلهێز لە پێشترە لە دەسەڵات و بەرژەوەندی گشتی.

هەرچەندە بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن دەرگای دەستوەردانی سەربازی تێپەڕدەکات، بەڵام شکستهێنان لە هەستان بە دەستوەردان لە دژی قەیرانی مرۆیی لە سووریا بە شێوەیەکی سەرەکی بە نەبوونی مۆڵەتی یاسایی بۆ دەستوەردانی سەربازی لێك دەدرێتەوە، لە کاتی قۆناغە بەراییەکانی قەیرانی سووریادا مشتومڕێکی توند لەبارەی دەستوەردانی مرۆیی هەبوو**(جاسم،٢٠١٩،ص١٨٥)**.

---

4 بە پێ ی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی (opcw)، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣ تاوەکو ٢٠٢٠، زیاتر لە (٥٠) جار چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی سڤیل بەکارهاتووە، جگە لە کوژرانی زیاتر لە نیو ملیۆن، و ئاوارەبوونی زیاتر لە شەش ملیون و نیو هاووڵاتی، و بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە https://www.opcw.org/media-centre/featured-topics/syria-and-opcw

ئەنجوومەنی ئاسایش چەندین بڕیاری پەسەند کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژە بڕیارانەی کە ئەو ڕێوشوێنانە لەخۆ دەگرن کە دەتوانن دەستوەردانی سووریا بکەن لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڤیتۆی ڕووسی و چینییەوە ڤیتۆکراون، هەروەها ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبارەی سووریا تا ڕادەیەکی زۆر سنووردارە بۆ بانگەشەی ئاگربەست، بەڵام ئەو بڕیارانەی کە دەکرێت ئەوە تێپەڕێنن، بە پلەی یەکەم لەلایەن لایەنی ڕووسی و چینییەوە دژایەتی کراوە، لە میانەی ئەو ڕاستییەوە لێکدراوەتەوە کە نابێت وڵاتان دەست لە کاروباری ناوخۆی سووریا وەربدەن، بۆیە دەستوەردانی مرۆیی سەربازی لە دژی سووریا شکستی هێنا**(السراج، ٢٠١٢)**. یەکێک لە خاڵە هەرە نێگەتیڤەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕیالیزمە نوێیەکان جەختیان لێ کردۆتەوە بریتییە لە زاڵبوونی دەوڵەتە گەورەکان بەسەریدا و زاڵبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا بەسەر ئیدارەی بڕیارەکان و پشت گوێ خستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆربەی کاتەکان ئەوەش لە ئەنجامدا بۆتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە لە هەستان بە پرۆسەی پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و بەرگریکردن لە پرەنسیپ و ئامانجە باڵاکانی، ئەمەش جارێکی تر بیروڕای نیو ڕیالیزمەکانمان بۆ دەسەلمێنێ لە لاوازی ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی.

یەکێک لە هەرە لایەنەکانی مشتومڕ لەسەر دەستوەردانی مرۆیی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بریتی بوو لە تێگەیشتن لەو دەستوەردانە شەرعییەی کە لە قەیرانی کۆسۆڤۆدا خرایەڕوو، وێڕای ئەوەی ناتوانرێت مەرجی شەرعییەت دابین بکرێت، بووە هۆی مشتومڕێکی جددی سەبارەت بەشەرعییەتی دەستوەردانی مرۆیی، چونکە لە ڕێگەی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ)وە بەبێ ئیزندانی ئەنجوومەنی ئاسایش کرا و گوایە دەستوەردانی ( نایاساییە بەڵام ڕەوا و شەرعییە)، هەرچەندە ئەنجوومەنی ئاسایش بە بڕیاری ژمارە (1160) بارودۆخی کۆسۆڤۆی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی پێناسەکرد، بەلام مۆڵەتی بە دەستوەردانی سەربازی نەدا**(الهنداوي،١٩٩٧،ص٥٦)**.

بەڵام دەکرێت دەستوەردانی مرۆیی لەسەر بنەڕەتی پێشێلکاری بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ پیادە بکرێت کە شەرعییەت بۆ دەستوەردان دابین دەکات، چونکە ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی پەیوەست

بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان(ICISS) پێشنیاری بەدیل دەکات لە کاتی بنبەستدا، وە دەتوانرا دەستوەردانەکان لەلایەن رێکخراوە هەرێمییەکان و لایەنە کاراکانەوە ئەنجام درابا لە رێگەی بڕیاری (یەکگرتن لەپێناو ئاشتی و زاڵکردنی راستەقینەی شوێنەواری واقیعی) کە دەکرێت لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە جێبەجێ بکرێت**(تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول ،٢٠٠١).**

وەلێ ئەم شێوازە بەدیلە لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لابرا بە هێنانی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن ، لە بڕیاری لوتکە جیهانییەکەی ساڵی 2005 دا جێبەجێکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بە رێگە سەربازییەکان تەنیا بە مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایش سنووردار کرا**(جاسم،٢٠١٩،ص١٨٤).**

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی هیومان رایتس و حەوت رێکخراوی نێودەوڵەتی سەربەخۆ، لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ تاوەکو ٢٠١٨، چەندین جار هێرشی کیمیایی کراوەتە سەر هاووڵاتیانی سڤیل لەلایەن رژێمی سووریا پشت راست دەکەنەوە(خوضير،سعدي،٢٠١٩،ص٦٨). قەیرانی سووریا چەندین هۆکاری پاساودراوی تێدایە بۆ دەستوەردانی مرۆیی و سەربازی، چونکە چەکی کیمیایی و، پاکتاوی رەگەزی و، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید بەکارهاتووە کە بوونەتە هۆی قوربانی هاوڵاتیانی مەدەنی کە رووداوی دۆکیۆمێنتکراون لە قەیرانی سووریادا**(دحدوح،٢٠١٧،ص٢٤).**

بیانووی سەرەکی لە دەستوەرنەردان ئەوەیە کە بارودۆخی تایبەت لە سووریا رێگە بە دەستوەردانی سەربازی نادات، ئەوانەی دەستوەردان رەتدەکەنەوە زۆرجار دوپاتی دەکەنەوە کە هەر دەستوەردانێکی چاوەڕوانکراو لە سووریا رەنگە دۆخەکە خراپتر بکات، نەک باشترکردنی بارودۆخی مرۆیی، هاورەوت لەگەڵ لۆژیکی سودخوازانە کە بنەمای دەستوەردانی مرۆیی و بنچینەی بەرپرسیارێتی پاراستن پێک دەهێنێت، ئەم دوپاتکردنەوەیە ئەو بانگەشەیە دەگرێتەوە کە ناکرێت دەستوەردانی مرۆیی بە رەوا بزانرێت، مەگەر ئەوەی کە بتوانرێت بە قازانجی کەسانی پەیوەندار بێت، سەرەڕای روودانی قەیرانێکی گەورەی مرۆیی لە سووریا، وەلێ هەر دەستوەردانێکی چاوەڕێکراو بۆ کۆتاییهێنان بەم قەیرانە مەحاڵ دەبێت، چونکە رەنگە بارودۆخەکە خراپتر و سەختتر بکات**(haim, 2011).**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕامێش تاکور[5] یەکێک لە ئەندازیارانی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن جەخت لەسەر بارودۆخی سووریا دەکاتەوە کە "بارودۆخی ناسەقامگیر و ئاڵۆزی ناوخۆیی سووریا، نیشانەی پرسیار لەسەر ناسنامەی یاخیبووان و ئامانج و ڕێگاکانیان، مەترسی کوشتار لە دژی کەمینەکان دروست دەکا ئەگەر ڕژێم ڕووخا، ئەمە لە پاڵ دۆخی دابەشبوونی (سوننە-شیعە) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا دەکات کە ئەستەم بێت هەڵسەنگاندنێکی باوەڕپێکراو بۆ هاوسەنگی ئەنجامی دەستوەردانە دەرەکییەکان ئەنجام بدرێت**(Thakur, 2014,p.40)**. کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وای کردوە دەستوەردان و چارەسەر کردنی کێشەی سووریا ئاسان نەبێت لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە.

ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی پەیوەندار بە دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەتان جەخت لەسەر پێویستی وازهێنان لە چەمکی دەستوەردانی مرۆیی دەکاتەوە و پشتبەستن بە چەمکی بەرپرسیارێتی پاراستن ، هەروەک جەخت دەکاتە سەر ئەو کەسانەی پێویستیان بە پاراستنی هەیە**(تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول ، ٢٠٠١)**.

ڕامێش تاکور جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بنەمایە کار لە بەرژەوەندی و ئامانجی دەوڵەتان ناکات و ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەتان بەو نیازە ئامادە کراوە کە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پێش بەرژەوەندی دەوڵەتانی دەستوەردانکار دابنرێت، لە کاتێکدا دەستوەردانی مرۆیی لە ڕاپۆرتەکەدا پشت دەبەستێ بە ڕوانگە و بژاردە و ئەولەویاتی دەوڵەتانی دەستوەردانکار**(Thakur, 2014,p.40)**.

لەم چوارچێوەیەدا لۆژیکێکی هاوشێوە لە بڕگەی (139) ی بڕیارەکانی لوتکەی جیهانی 2005 دا هەیە، لەم بڕگەیەدا بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش هەبوو دژ بە (جینۆساید و تاوانی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی)، پێویستە دەستوەردان لەکاتی گونجاو و بە شێوەی یەکلاکەرەوە بکرێت و، باسی ئەوەی کردووە کە دەکرێ ڕێوشوێنە پێویستەکان لەسەر بنەمای هەر حاڵەتێك بە جیا

---

5 ڕامیش تاکور: بەڕێوەبەری سەنتەری تەشەنەکردنی ناوەکی و لە ناوبردنی چەکە، لە زانکۆی نیشتیمانی ئوستراڵیا، وە کۆمیسیارێکی بە توانایی لیژنەی نێودەوڵەتی پەیوەست بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتان (ICISS)ە، وە هەروەها یاریدەدەری پێشوویی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، و چەندین پەرتووک و ئارتێکڵی هەیە لەسەر بەرپرسیارێتی پاراستن(R2P).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگیرێتەبەر. لە هەمان بڕگەدا، ڕێوشوێنە پێویستەکان خۆدەنوێنێ لە دەرکەوتنی (تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی دژ بە مرۆڤایەتی) کە هەموو ئەوانە لە سووریا دەرکەوتووە**(ماسینغهام،٢٠٠٩،ص١٦٣)**.

بەپێی خەمڵاندنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، و بەپێی خەمڵاندنی ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەوە دانپێدانانێکە کە هیچ دەستوەردانێک ناتوانێت لە ڕووی پرەنسیپی ( مرۆیی یان بۆ پاراستنی مرۆیی) بێت، چونکە ئەو بنەمایانەی کە بەرپرسیارێتی پاراستن لەسەری دامەزراوە، ڕادەستی بنەما دیاریکەرەکانی کێبڕکێی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکرێت ئەویش بریتییە لە ڕەفتاری سیاسەتی نێودەوڵەتی کە ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی دەکەن**(Mckay, 2014,p.53)**.

بۆ نموونە قەیرانی (لیبیا و سووریا) کە لە هەمان ماوەدا سەری هەڵدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە بەرپرسیارێتی پاراستن تا چ ڕادەیەک پەیوەستە بە سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە، وە تا چ ڕادەیەک بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئەدای دیاریکراوی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنرێت، چوون کێشەی لیبیا نیشانی داوە کە چەندە ئاسانە بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن ڕێخۆشکەربێت بۆ دەستوەردانکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە کاتێکدا کێشەی سووریا نیشانی دەدات کە بەرپرسیارێتی پاراستن، دەستوەردانێکە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، تەنیا لە چەند حاڵەتی دیاریکراودا نەبێت کە بەرژەوەندی هێزەکانی دەستوەردان لە تێچووی دەستوەردانەکە زیاتر بێت**(د.نافع،٢٠١١)**.

یانی بەرپرسیارێتی پاراستن بریتییە لە بەتەوەرکردنی مرۆڤ، بۆیە پێویستە بەکارهێنانی بەرپرسیارێتی پاراستن لە ڕووی بنەماوە لەسەر بنەمای جیددیبوونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بێت نەک لەسەر بارودۆخی تایبەت بە قەیرانەکان. یانی دەبێت پێشێلکارییەکی بەربڵاو و جدی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەبێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێ و کەی و چۆن و لە چ بارودۆخێک دایە و دەستوەردان لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستنی خەڵک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەبێ هیچ هەڵاوێردێک (استثناء)ێک بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢.٣. ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش و جێ بەجێ کردنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لە کەیسی سووریا

یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی سالانی دوایی چەمکی "بەرپرسیارێتی پاراستن"ە، کە ئامانجی چارەسەرکردنی شکستی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری لە پاراستنی مافی هاووڵاتیانی وەک ئەو دۆخەی ئێستا کە لە سووریا بەردەوامە، بەڵام لە هەمان کاتدا دژواریەکی یاسایی زۆر دێنێتە ئاراوەو لە ئاکامدا ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان پەراوێز دەخات، زەمینەش بۆ دەوڵەتانی زلهێز بەو بیانووەوە خۆشتر دەکات، بۆیە ئەم چەمکە ئەرکێکی یاسایی دەسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەڵسوکەوتکردن بەرامبەر تاوانی بەکۆمەڵ، تاوانی جەنگ، پاکتاوی ڕەگەزی، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

بۆیە دەبینین لە ساڵی 2011ەوە قەیرانی سووریا قەیرانێکی گەورەی مرۆیی بووە، کە پێشێلکاریی ترسناکی مافەکانی مرۆڤ تێیدا ڕوویداوە، هەرچەندە قەیرانی سووریا ئەو مەرجانەی تێپەڕکردووە کە لە لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەتەکان دانراوە، و هەر سێ کۆڵەگە سەرەکییەکەی بەرپرسیارێتی پاراستن جێبەجێ دەبێت لەسەر قەیرانی سووریا، بەڵام مشتومڕێکی گەورە هەیە لەبارەی ئەوەی بۆچی دەستوەردانی سەربازی مرۆیی نێودەوڵەتی لە سووریادا نییە، هەروەک ڕوونکردنەوەش کراوە لەسەر ئەوەی بۆچی دەستوەردانی مرۆیی لە قەیرانی سووریادا نەکراوە، بە بیانووی ئەوەی کە هەلومەرجە دیاریکراوەکانی قەیرانی سووریا و داینەمۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕێگە بە دەستوەردان نادات، هەروەها لەوانەیە دەستوەردانی چاوەڕوانکراو سەرەنجامی خراپتری هەبێت لە نەبوونی **(بیتراسیک،٢٠١٣).**

بەرپرسیارێتی پاراستن لە کەیسی سووریا 'شکستهێنان لە پاراستن' بەگوێرەی ڕاپۆرتێک لە ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦، ناوەندی جیهانی بۆ بەرپرسیارێتی پاراستن، پوختەیەکی دەربارەی ناکۆکیە بەردەوامەکان بڵاوکردەوە. لەماوەی پێنج ساڵدا، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان لە ساڵی ٢٠١١ەوە، پێنج جار مافی ڤیتۆ بەکارهێنراوە، کە بووتە هۆی بەرزبونەوەی ژمارەی گیان لەدەستدان بۆ نزیکەی ٢٨٠٠٠٠ قوربانی**(Colatin, 2016,p.81)**

ڕاپۆرتەکە خێرا داڕێژرایەوە دوای بڕیاری ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ دژی هەوڵێک کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان نرابوو بۆ دووبارە وەستاندنی کارە دووژمنکارییەکان و دروستکردنی ناوچەیەکی دژە-فڕینی سەربازی بەسەر شاری حەلەب (لەو شوێنەی کە پێکدادانی نێوان سوپاکانی بەشار ئەسەد و شۆڕشگێڕان ڕوویدەدا) هەروەها دابینکردنی گەیاندنی یارمەتیە مرۆییەکانی بەبێ بەربەست و ڕێگریکردن**(GCRtoP, 2016)**.

لەکەیسی سووریا، بڕگە یاسای 'بەرپرسیارێتی پاراستن 'Responsibility to Protect (بەتایبەتی بەندی ستوونی یەکەم، بەرپرسیارێتی وڵات بۆ پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیانی) بۆ پێنج جار لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەوەتەی ساڵی ٢٠١١وە دەنگی لەسەردراوە و داواکراوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو کارەساتە مرۆییەی ئێستا یەکێکە لە نموونە دیار و بەرچاوەکانی شکستهاتوو لە جێبەجێکردنی بڕگە یاسای بەرپرسیارێتی پاراستن (R2P). لەوەتەی ناوەڕاستی ئاداری ٢٠١١، نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەی هەبووە کە شەڕی ناوخۆی سووریا بووەتە هۆی قەیرانێکی گەورە و فراوانی مرۆیی**(GCRtoP, 2016)**.

ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ دانیشتنێکی تایبەتی لە ٢٩ نیسانی ساڵی ٢٠١١ ئەنجامدا بۆ لێکۆڵینەوە لەو داواکاری و بانگەشانەی کە گوایە دیمەشق پێشێلکاری مەترسیداری مافەکانی مرۆڤی دژ بە خۆپێشاندەرە دیموکراسیخوازەکان ئەنجام دابێت. ئەوەبوو، کیانگ-وها کانگ، بریکاری باڵای کۆمسیاری مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیدانەی پێشێلکارییەکانی حکومەتی سووریای کرد و ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئاسایشی سوپای سووریا گوێیان نەداوە بە مافە سەرەتا مرۆییەکان بەرامبەر بە خۆپێشاندەرەکان. لە ئەنجامدا، کۆمەڵەی گشتی بڕیاری A/HRC/RES/S-16 لە ڕێکەوتی ٢٩ نیسانی ٢٠١١ دەرکرد، دەسەڵاتی بە نێردراوانی ئەرکی دۆزینەوەی-ڕاستیەکانی سووریا دا، کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی سووریا ڕەتکرایەوە. دوابەدوای ئەمە، لە مانگی ئابی ٢٠١١، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ یەک دانیشتنی تایبەتی ڕێکخست بۆ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی بەڵگەکان لەسەر دڕندەیی هێزەکانی ئاسایشی سووریا کەوەک تاوانێک بەرامبەر بە مرۆڤایەتی سەیردەکرێت. دوابەدوای ڕاپۆرتەکەی سێپتەمبەری ٢٠١١ی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری A/HRC/RES/21/26 تێپەڕاند کە '' بەتوندی ئیدانەی پێشێلکاریە بەردەوام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەترسیدارەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤی کرد کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سووریا ئەنجام دەدرێن**(Janzekovic, Silander, 2014,pp.56,58)**.

لایەنی یاسایی، هەر دەستوەردانێکی ناوخۆی سووریا پێویستە لەژێر دەستوەردانی مرۆیی وەک بیانوویەک وەسف بکرێت. یەکەم، لەبەر ئەوەی ماددەی(٢) برگەی(٤) ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی هێز دژی سەلامەتی هەرێمی هەر وڵاتێک ڕێگەپێنەدراوە. دووەم، ماددەی(٢)برگەی(٤)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن دەکات تەنها لەچوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەبێت. لەبەر ئەمە، کاروبارە ناوخۆییەکان لەبەر چاو ناگیرێت. لەکۆتاییدا، بەکارهێنانی هێز، کە ببێتە پێشێلکردنی سەروەری وڵات، بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان**(ماسینغهام،٢٠٠٩،ص١٦٦)**.

لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەتی شەرعی نابێت لۆمە بکرێت لەسەر ئەنجامدانی ڕێکاری ڕژد بەرامبەر گروپە یاخیبووەکان (شۆڕشگێڕەکان) کە هەوڵ دەدەن ڕژێمێکی شەرعی بگۆڕن و بیروخێنن. بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، دەوەستێتە سەر حکومەتی شەرعی کە چۆن وەڵامی هەڕەشە ناوخۆییەکان دەداتەوە و پارێزگاری لەخۆی دەکات**(Colatin, 2016,p.84)**. هەر بۆیە، بەشێوەیەکی یەکسان دروستە کە وڵات تاکە بەرپرسیارە بۆ پارێزگاریکرن لە شەڕنەکەرانی وڵات کە لە ناو سنوورەکانیدان، مەگەر هەمان حکومەت هۆکارەکانی سەرکووتکردن و چەوساندنەوە بەکاربهێنێت دژی خۆپێشاندەرە ئاشتیخوازەکان، کە دەبێتە هۆی توندوتیژی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ**(Wright, 2017)**.

دیمەشق لەژێر سایەی ڕژێمی بەشار ئەسەد پێشێلکاری مەترسیداری مافەکانی مرۆڤی دژ بە هاوڵاتیان ئەنجام داوە وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی مانگی شوباتی ٢٠١٢ی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ خراوەتەڕوو. ڕاپۆرتەکە ئەو تاوانکاریانەی کە لەلایەن حکومەتی دیمەشق ئەنجامدراون خستۆتەڕوو، لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵەی گشتی A/HRC/RES/21/26 کەلە ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ دەرچووە ئیدانەی پێشێلکاریە مەترسیدارەکانی حکومەتی سووریای دژ بە مافەکانی مرۆڤ کردووە. ئەمەش بەس بوو بۆ کارپێکردنی برگە یاسای بەرپرسیارێتی پاراستن (R2P). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجوومەنی ئاسایش نەیتوانی بگاتە ڕێککەوتن لەسەر بڕیارێک کە ڕێگە بە هێزێکی نێوەدەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستوەردان بکات بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی هاوڵاتیان لەبەر بوونی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەنێو ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنەکە**(Colatin, 2016,p.84)**.

هەرچەندە لە ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی پەیوەست بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتاندا بەڕوونی ئەوە هاتووە کە دەستوەردانی سەربازی کە لە بەرپرسیارێتی پاراستنەوە چێ بووە ناتوانرێت بەسەر ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشدا جێبەجێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر هەموو هۆکارە پاساودراوەکانیش بوونیان هەبێت ئەو بەرپرسیارێتی پاراستنە لەسەر بنەمای سودخوازی ئامادەکراوە**(تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدو ل ،٢٠٠١)**.

بۆیە دەبینین چەمکی دادپەروەری دیاریکراو لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی پاراستندا چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە دادپەروەرییەکی جیهانی هەبێت کە هەمووان بگرێتەوە، بەڵکو دادپەروەرییەکە دەکرێت بەپێی هەمان بارودۆخ یان حاڵەت دروست بکرێت، وە لەبەرئەوەی کە دادپەروەری بەرپرسیارێتی پاراستن دادپەروەرییەکە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت دژ بە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەو واتایەی کە ئەم دادپەروەرییە دەشێ بۆ هەندێک گەل و کەسان دابین بکرێت، دەکرێ دژی دەوڵەتانی لاواز کە دووچاری ستەم بوون بەکاربهێنرێت، بەڵام نەک بۆ هەندێکی تر(جاسم، ٢٠١٩، ص١٨٩).

لە ڕوانگەی ئەمەوە پێویستە ئەندامانی هەمیشەیی لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێکبکەون لەسەر وازهێنان لە بەکارهێنان یاخود هەڕەشەکردنی لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆیان لە حالەتەکانی کارەساتی کوشتنی بەکۆمەڵ. کاتێک لێژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری وڵاتان ICISS کە چوارچێوەی ڕێبازێکی نوێی داڕشت بەناوی 'بەرپرسیارێتی پاراستن'. وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕەنسا، هابەرت ڤێدرین لە ساڵی ٢٠٠١، کۆدێکی بۆ یاساکانی ڕەفتارکردن ئاراستەی پێنچ وڵاتە ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش پێشنیارکرد. ئەگەر ڕێککەوتنێک لەنێوان ئەم پێنج وڵاتە بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، ئەنجوومەنی ئاسایش زۆر چالاکتر دەبێت لە دابینکردنی وەڵامی خێراتر و زیادبوونی باوەڕپێکردن و بەهێزبوونی متمانە بەرامبەر بە تەواوی سیستەمی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان**(Bellamy,Dunne, 2016,p.927)**.

لە ساڵی ٢٠٠٩، لە ڕاپۆرتەكەیدا بان كی مۆن لەژێر ناونیشانی "جێبەجێكردنی بەرپرسیارێتی پاراستن" داوای چاكسازی لە شێوازی بەكارهێنانی مافی ڤیتۆی لەلایەن ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش كرد. ئەم وڵاتانە، بەتەنها ئەم ئامرازی شكۆمەندی و تایبەتمەندییەیان پێنەبەخشراوە، بەڵكو بەرپرسیارێتیشیان لەئەستۆیە بەرامبەر ڕێگریكردن لە بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ یاخود هەڕەشەكردن لە بەكارهێنانی ئەم مافە لە حاڵەتەكانی جینۆسایدكردن و شەڕ و تاوانكاری و سڕینەوەی نەتەوەیی و تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی، كە هەموو ئەمانەش دەرخەری نەبوونی پەیوەستبوونە بە بەرپرسیارێتی پاراستن R2P**(جاسم،٢٠١٩،ص ص١٨٢،١٨٣).**

بەم دواییانە، هەر یەك لە وڵاتانی كۆستەریكا، ئوردن، لیشتنشتاین، سەنگاپوورە و ئوسترالیا گروپی وڵاتانی بچووك (S5)یان پێكهێنا و داوای "بەرپرسیارێتی بەكارنەهێنانی مافی ڤیتۆ" دەكەن لە چوارچێوەی بابەتەكانی پەیوەست بە مافەكانی مرۆڤ. لە ئایاری ٢٠١٢، گروپی پێنج وڵاتانی بچووك S5 بڕیارێكیان بۆ كۆمەڵەی گشتی پێشنیاركرد كە داوا لە ئەندامانی هەمیشەیی دەكات بۆ ڕوونكردنەوەی هۆكارەكانی پشت بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ و هەڕەشەكردن لە بەكارهێنانی ئەم مافە بۆ ڕێگریكردن و بەربەست دروستكردن لەبەردەم بڕیارەكان و كردارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش كە ئامانج لێی نەهێشتنی جینۆساید و تاوانەكانی جەنگ و تاوانكاریە دژ بە مرۆڤایەتی تەنانەت ئەم هەوڵەش بە شكست كۆتایی پێهات. لە ٢٠١١وە، چەندین ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان مافی ڤیتۆی بەرامبەر بەكارهێنراوە و ڕەتكراونەتەوە، ئەمەش وایكردووە كە ئەم ئەنجوومەنە نەتوانێت شەرعیەتی خۆی بسەلمێنێت و ئەركەكانی جێبەجێ بكات لە پاراستنی هاوڵاتیان بەرامبەر تاوانكاری و ڕەشەكوژی**(Hilpold, 2014,pp.425,427)**، پەكخستنی تەواوی پرۆژە بڕیارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش، جارێكی تر ئەوەمان پێ دەڵێت كەوا بەرژەوەندی و سیاسەتی وڵاتانی زلهێز دەتوانن ببنە كۆسپ لەبەردەم دەسەڵات و ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش لە چارەسەركردنی قەیرانی سووریا، ئەمەش وێنایەكی ڕوونتری نیو ڕیالیزمەكان دەردەخات كە بیروڕایان وایە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕۆڵیان نیە، كاتێك دەبینین وڵاتانی ئەندام پابەند نین بە پەیماننامە و بڕیارەكان

بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش ناتوانێ وەڵامی ئەو ئالینگارییانە بداتەوە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بە نموونە شەڕی سووریا بە هەموو پێوەرەکان بە شکستێکی ئابڕووبەری نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالینگارییە نێودەوڵەتییەکان و ویستی وڵاتانی زلهێز.

گاریث ئیڤانس[6] بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی کە ئایا 'بەرپرسیارێتی پاراستن R2P' دەتوانرێت بسەپێندرێت لە کەیسی سووریادا**(Evans,2013)**.

لە هەڵوێستەکەیدا، ئاماژە بە نەبوونی کۆدەنگی لەناو ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات، کە تاکە لایەنە بتوانێت دەستوەردان لە 'بەرپرسیارێتی پاراستن' بسەپێنێت، بەشێوەیەک کە هەنگاوێک بۆ دواوە گەڕاوەتەوە لە بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی ستانداردی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ گیراوەتەبەر. دەبێت کۆدەنگیەکی گشتی هەبێت لەسەر ئەو ڕاستیەی کە هیچ دەوڵەتیک نابێت ڕازی نەبێت بەوەی کە هەر دەوڵەتێک ماف و بەرپرسیارێتی هەیە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی خۆی لە تاوانەکانی جەنگ ودەستدرێژی مرۆیی. پێویستە لەژێر هیچ بارودۆخێکدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕازی نەبێت بەرامبەر ئەرکی ئەخلاقیانە و ئەگەری دەستوەردان هەرکاتێک دەوڵەتێک بە ئاشکرایی شکستیهێنا لە نیشاندانی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی خۆی. کە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کۆڵەگەی سێیەمی "بەرپرسیارێتی پاراستن" کە دەوڵەتی پەیوەندار ناتوانێت مافی هاووڵاتیانی بپارێزێت **(Colatin, 2016,p.85)**.

ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی هەیە دەستوەردان بکات بۆ پاراستنی قوربانییانی ململانێیە چەکدارییەکان و هاوکاریی قوربانییانی کارەساتە سروشتیەکان بکات، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان توانادار بکات بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ قوربانییان، هەرچەندە ئەمە هەندێ کات وەکوو کەمکردنەوە لە سەروەری نیشتمانی دەوڵەتان

---

[6] گاریث ئیڤانس؛ڕاوێژکاریزانکۆی نیشتیمانی ئوستڕاڵیە و سەرۆکی فەخری گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بووە لە ساڵانی٢٠٠٠ تاوەکو ٢٠٠٩، و ئەندامی پەرلەمانی ئوستڕاڵیا بووە بۆ ماوەی ٢١ ساڵ، و وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا بووە لە ساڵانی ١٩٨٨ تاوەکو ١٩٩٦، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٦ وەزیری دەرەوەی ئوستراڵیا و هاو-سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری وڵاتان ٢٠١١ (ICISS) بوو، دەیان پەرتووکی هەیە لەسەر بەرپرسیارێتی پاراستن (R2P).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەردەکەوێت**(ایوب،٢٠١٧،ص٤)**. بەتایبەت لە ڕوانگەی نیوریالیزمەکانەوە تێڕوانینیان بۆ دەوڵەت وەکو ئەکتەری سەرەکی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

دەتوانین بلێین 'بەرپرسیارێتی پاراستن R2P' پەکی کەوتووە لە سووریا، بەڵام هێشتاش کۆتایی پێنەهاتووە. لە ڕاستیدا، وەک لە پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەنجوومەنی ئاسایش بەردەوامە لە هەوڵی خۆی بۆ جێ بەجێکردنی بڕگەکانی 'بەرپرسیارێتی پاراستن' و چەسپاندنی نۆڕم و ستانداردی نێودەوڵەتی لە چەندین بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەندە، بارودۆخەکە لە سووریا پەکی کەوتووە**(Adams, 2015,p.11)**.

ئیڤانس ئەگەری کۆمەڵێک دەستوەردانی لە سووریا شیکردۆتەوە لەڕێگەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی چوار پێوەرە پوختکراوەکەی ناو بەڵگەنامەی لێژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستوەردان و سەروەری ووڵاتانICISS،

پێوەری یەکەم: ئامانجێکە کە بە تەواوەتی دەسەڵات بە دەستوەردانی دەرەکی دەدات لەژێر یاسای 'بەرپرسیارێتی پاراستن R2P'. سەرەتا، مەترسی زیانەکان و پاساوەکانی دیاردەکە ڕووندەکاتەوە؛ سەدان کەس گیانیان لەدەستدا دوای هێرشە کیمیاییەکەی سەر شاری غۆتە لە ئابی ٢٠١٣. قوربانییەکان بەهۆی چەکە کیمیاوییەکانەوە بوون، هیچ گومان لەوەدا نییە، ئەمەش مافێک دەدات بە پاساوی دەستوەردان بۆ ئەوەی دەستوەردانی توندی سەربازی ئەنجام بدرێت. تەوژمی هێڵی سووری سەرۆک ئۆباما، کە سیاسەتی ئەمریکا نیشاندەدات بەرامبەر سووریا، بە ڕوونی ئاماژەیەکە بەوەی کە ئەگەر هاتوو چەکی کیمیایی بەکارهاتبێت لە ململانێ و ناکۆکیەکەدا، ئەمریکا بەبێ هیچ دوودڵیەک دەستوەردان ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک هێرشەکان لە ئابی ٢٠١٣ ڕوویاندا، نەک تەنها چەکی کیمیایی بەکارهێنرابوون، بەڵکو سەدان هاووڵاتی سڤیل بەئامانجکرابوون و کوژران، کە ئەمەش بە تاوانی جەنگ دادەنرێت. بەگوێرەی قسەکانی ئیڤانس، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، وەک چەکی بایەلۆجی و ناوەکی، خۆی لە خۆیدا هەڕەمەکییە، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئامانجدار بکرێت و جیاوازی بکات لەنێوان هاوڵاتی سڤیل و کەسانی بەئامانجکراو. لەبەر ئەمە، تاکە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پێوانەی یەکەم بەدیدەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێوەری دووەم: هاندەری ئەوەی کە وەڵامێکی گشتی دەرەوە هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی سووریا بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕەزامەندی لەسەر دراوە. دەستوەردانەکە پاراستنی هاوڵاتیان زامن دەکات و ڕێگریکردنە کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی "بەرپرسیارێتی پاراستن" لە هەر جۆرە دووبارەبوونەوەیەک بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و چەکی کیمیایی لە بەرەنگاربوونەوە و ململانێی ناوخۆیی. ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەوانەی کە دژی جێبەجێکردنی برگە یاسای 'بەرپرسیارێتی پاراستن – R2P'ی ناو بڕیارەکانن، نابێت پێیان وابێت کە دەستوەردانی سەربازی داوا دەکرێت بۆ ڕێگەدان بە گۆڕینی ڕژێمێک، لەبەرامبەردا پێویستە ئەوان تەرکیز بخەنە سەر مەبەست و لایەنە مرۆییەکان.

پێوەری سێیەم: کە ڕێکاری کەمتری (دبلۆماسی) ناگیرێتەبەر یاخود بەهێند لەبەر چاو ناگیرێت لە ئەگەری چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا. ئەم هەوڵانەش بووە بە شکستی دبلۆماسی.بەڵام، ئیڤانس ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەنانەت ئەگەر دەستوەردانی سەربازیش ڕوویدات، شوێن پێ دبلۆماسییەکان هەرگیز نابێت وازیان لێبهێندرێت.

پێوەری چوارەم: هاوڕێژەیی وەڵامدانەوە، تەنها لەمەوە بەدەست دەهێنرێت ئەگەر دەستوەردانەکە پێویست و پاساوکراو بێت بۆ ڕێگریکردنی هەر بەکارهێنانێکی زیاتری چەکە کیمیاییەکان. بە واتایەکی تر، دەستوەردان پێویستە ڕێگەی پێبدرێت بۆ دڵنیایی کەلوپەل و چەکە کیمیاییەکان کە بەمانای شەڕێکی تەواو فراوان نایەت کە ئامانجی گۆڕینی ڕژێمێک بێت. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو پێوەرەکان بەشێوەیەکی گشتی قایلکەرن، وڵاتان هیچ دەستوەردانێکی مرۆییان پێشکەش نەکردووە. بۆیە ئێمە ڕووبەڕووی کەیسێک هاتووین کە شکستی هێناوە لە پارێزگاریکردن**(Colatin, 2016,pp.86,87)**.

هەرچەندە دەستوەردانی مرۆیی لە سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فراوانی گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەپشت بەستن بەتیوری نیو ڕیالیزم کە باوەڕی بەبەهاکانی وەک دەستوەردانی مرۆیی بۆ ڕێگرتن لە کارەساتی مرۆیی نیە. بۆیە، دەستوەردانی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا و بە پشتیوانی زۆر لە وڵاتانی ئیقلیمی و بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، سووریا بووەتە دیمەنی شەڕێکی خوێناوی کە دەکرێت بە " شەڕی جیهانی بچووککراوە " وەسف بکرێت، بەهۆی ناکۆکی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە گۆڕەپانی سووریادا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبێ ئەوەی بایەخ بە تراژیدیای مرۆیی گەلی سووریا بدرێت بە هیچ ئەنجامێک لەو بارەیەوە نەگەیشتووە**(جاسم،٢٠١٩،ص١٨٧)**.
ئەم کارە شکستی هێنا لە سووریا. بەڵام لەوە خراپتر، ئەو پاڵپشتییەی کە چەمکەکە پێشکەشی دەکات بۆ هاتنە نێو ئەم قەیرانە بە بێ ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هۆکاری لە کار کەوتنی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ کاردانەوە بە شێوەیەکی کارا لەسەر کارەساتی مافی مرۆڤ لە سووریا. بنیات نانەوەی بیروڕا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەنجام دانی کارێک لە دژی ئەم کارەساتانە، پێویستی بە دووبارە بیرکردنەوەیە لە بەرپرسیارێتی پاراستن و لە چارەسەرە سەربازییە وەهمییەکان کە هەڵدەستێت بە پاڵپشتکردنی **(بیتراسیک،٢٠١٣)**.
پێشێلکردنی مافەکانی مرۆیی سەلماندوویەتی کە تاکە ئەگەر و ڕێگایە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە ئەکگرتووەکان دەستوەربدات لە کاروباری ناوخۆی سووریا. خەمی سەرەکی سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەتای دەستپێکردنی تەنگژەکانی ساڵی ٢٠١١، ئەوەیە کە ڕەشەکوژی هاوڵاتیان کۆتایی پێبهێنێت و پارێزگاری لە بێ دەسەڵات و لاوازەکان بکات. بە ڕوانین بۆ بارودۆخی سووریا، ئەم هۆکارانە تێپەڕێندراوە و هۆکاری پاساودراو بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی پاراستن بە ڕێگەی سەربازی دیاری کراوە . لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەم پێدراوانە ، قەیرانی مرۆیی لە سووریا ئاماژە بە تراژیدیایەکی گەورە دەکات کە تێیدا زیانی قورسی گیانی و پێشێلکاری مەترسیداری مافی مرۆڤ ڕوویداوە، پێویستی بە دەستوەردانی سەربازی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بەقەیرانەکە**(د.الادريسي،٢٠١٣)**.
ئەگەرچی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی داوە لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی کێشە نێودەوڵەتییەکان بێت و لە بەرامبەر شەڕ و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان هەڵوێستێکی ڕوونی هەبێت، چونکە بەپێی پەیماننامەکەی هەموو ڕێگایەك ڕەت دەکاتەوە کە سەربکێشێ بۆ دەستدرێژی و پێویستە لەسەری ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕ لە جیهان بگرێ. بەڵام ڕیالیزمە نوێیەکان سوورن لەسەر ئەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دەستەوەسان بووە و ناتوانێ مامەڵەیەکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ کێشە و ململانێیە نێودەوڵەتی و ناوەخۆییەکان بکات(فرج، نجم الدين،٢٠١٩،ص١٥).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرەنجام

١. دەستوەردان لە کەیسی لیبیا شوێنەوارێکی دیاری نوێی دروستکرد دەربارەی بەرپرسیارێتی پاراستن. لەرێگەی بڕیاری ١٩٧٣ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستوەردانی مرۆیی بۆ یەکەم جار بەسترایەوە بە دەستوەردانێکی بیانی بە ئامانجی یارمەتیدانی خەڵکانێک کە مەترسیان لەسەر بوو بکوژرێن لە میانی شەڕی ناوخۆ و خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانەی هاوڵاتیان. کەیسی سووریا، بە پێچەوانەوە، بۆچونێکی ووریابوونی زیاتری  بەخۆوەبینی سەبارەت بە 'بەرپرسیارێتی پاراستن'. لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا، هەنێک لە ئەندامەکان پێدەچێت نیگەران بن لەسەر دەرئەنجامەکانی ئەزموونی پێشووی لیبیا کە بووە هۆی گۆڕینی ڕژێمی وڵات. لەبەر ئەوە، ڕێگە بە هیچ دەستوەردانێکی بیانی نادەن، سەرەڕای تاوانکاری و پێشێلکارییەکانی کە ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە هاونیشتیمانیەکانیان. ئەمەش وەک شکستێک بۆ پاراستن دەبیندرێت.

٢. بەرپرسیارێتی پاراستن کە لێژنەی نێودەوڵەتی پەیوەندار بە دەستوەردان و سەروەری دەوڵەتانەوە لەساڵی ٢٠٠١ دا بڕیاری لێداوە، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، وەک تاوانی جینۆساید تاوانی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا مافی پاراستنی هاووڵاتیانی داوە بە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری، کاتێک ئەم دەوڵەتانە ناتوانن یان حەز ناکەن ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرن، ئەوا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو بەرپرسیارێتییە یاساییە لە ئەستۆ بگرێت ئەوکات بنەمای شەرعی بۆ دەستوەردانی سەربازی دابین دەکات کە مەبەست لێی پاراستنی مرۆییە.

٣. هۆکاری سەرەکی جێبەجێنەکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن لە بەرامبەر قەیرانی سووریا، نەبوونی شەرعییەتی نێودەوڵەتییە لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتە ڤیتۆیەی کە ڕووسیا و چین مومارەسەی دەکەن، چونکە ناکرێت بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بەکاربهێنرێت تەنیا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش نەبێت. لە دۆخی سووریادا دەسەڵاتی ڤیتۆی ڕووسیا و چین بەڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە ئەندامان دەتوانن ڕێگری لەبنەمای بەرپرسیارێتی بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، نمونەی سووریا ئەوە دەردەخات کە وەڵامدانەوە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەیرانەکان بەرژەوەندییەکان دیاری دەکات نەک پرەنسیپەکان.

٤. لە روانگەی نیوریالیزمەوە، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رۆڵێکی ئەوتۆیان نیە، ئەگەر رۆڵیشی هەبێت کەمە ئەویش لەبەر دەستوەردانی وولاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندی ئاساییش وسیاسەتی خۆیان، واتە ئامانجە ئەخلاقییەکان بەبەراورد بەهیزو بەرژەوەندی شوێنێکی لاوەکیان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا. بۆیە دەبینین کەیسی سووریا بەڕوونی نموونەیەکی پێچەوانەی لایەنەکانی ناو ئەنجوومەنی ئاسایش نیشان دەدات. لەبەر ئەمە، بێتوانایی ئەنجوومەنی ئاسایش ناکرێت ببێتە بەربەستێک بۆ هەر دەستوەردانێک کە مەبەست و ئامانجی لایەنی مرۆیی بێت. لە حاڵەتی ڕوودانی پێشێلکاری بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، پێویستە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی تایبەت بە هەستیاریی و بەئاگاییەوە داوابکرێت، بەمەش تەواوی میکانیزم و سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە هاوکاریە مرۆییەکان ڕوون و ڕۆشەن دەبێت.

٥. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێ دەدات بە بەکارهێنانی هێز بۆ مەبەست و ئامانجە مرۆییەکان، بەڵکوو واقیع ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێ خواستەکانی بەرژەوەندیی زاتی دەوڵەتان تەنها بە توانای پاراستنی دانیشتووان پێك دەگات، ئەو کات دەستوەردان بە بانگەشەی پاراستنی دانیشتوان دێتەئاراوە.

٦. پێشنیار دەکەین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێوەر و میکانیزمی بابەتییانە دابنێت لەپێناو جێبەجێکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن لە ئەنجوومەنی ئاسایش دوور لە ڕاکێش ڕاکێشی نێوان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە، نەهێڵێت ئەم پرسە ملکەچی ڕەچاوکردنی سیاسی و بەرژەوەندی پەیوەست بەم دەوڵەتانەوە بێت، چونکە ئەم مەسەلەیە میکانیزم و کارپێکردنی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ملکەچی ئەم دەوڵەتانە دەکات.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**پەرتوک**

١. د. حسێن شماڵ ، ٢٠١٨، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(چەمک وبنەماکان، مێژوو و قۆناغەکان،تێزو تیۆرییەکان)، نووسینگەی تەفسیر،چاپی یەکەم.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پەرتوک**

٢. هنداوي حسام أحمد محمد،١٩٩٧، التدخل الدولي الانساني ـ دراسة فقهية وتطبيقية في ضوء قواعد القانون الدولي ـ الطبعة األولى ، دار النهضة العربية ، القاهرة.

**ماستەرنامە**

٣. دحدوح نور الهدى ،٢٠١٧، السياسة الخارجية الايرانية والسعودية تجاه الازمة السورية ، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الحقوق والعلوم السياسية ، جامعة العربي بن مهيدي ، الجزائر.

٤. خوضير خالدي, سعدي خلوفي ،٢٠١٩، دور مجلس الامن قي تنفيذ مبدأ مسؤولية الحماية، مذكرة لنيل شهادة الماستر في الحقوق قرع القانون العام- جامعة عبدالرحمان ميرة- بجاية- كلية الحقوق والعلوم السياسية.

**گۆڤارە زانستییەکان**

٥. ماسينغام ايف, ٢٠٠٩ .التدخل العسكري لأغراض إنسانية: هل تعزز عقيدة مسؤولية الحماية مشروعية استخدام القوة لأغراض إنسانية؟ .المجلة الدولية للصليب الاحمر, المجلد (٩١)،والعدد (٨٧٦) ,١٥٧-١٨٦.

٦. م. جاسم صهيب خالد، ٢٠١٩، الازمة السورية في ضوء مبدأ مسؤولية الحماية، مجلة جامعة تكريت للحقوق السنة(4) المجلد(4) العدد (2) 174-198

٧. د. فرج انور محمد ، م. نجم الدين باخان اكو، ٢٠١٩، تفسير النظرية الواقعية الجديدة للفاعلين الدوليين، دراسة تطبيقية غلى نماذج مختارة، Tikrit Journal For Political Sciences 18 3-36

**سەرچارە ئەلکترۆنیەکان**

٨. مسؤولية الحماية، 2001، تقرير اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدول، مقال منشور على موقع tolerance، تاريخ اخر زيارة1\9\2021 على الرابط https://tolerance.tavaana.org

٩. جابر حسن محمود ، ٢٠٢١، مبدأ مسؤولية الحماية، مقال منشور على موقع الموسوعة السياسية، تاريخ اخر زيارة1\8\2021 على الرابط https://political-encyclopedia.org

١٠. بيتراسيك ديفيد ، **٢٠١٣،** المسؤولية عن الحماية- عائق وليس مساعدة في الازمة السورية، مقال منشور على موقع openglobalrights ، تاريخ اخر زيارة12\7\2021 على الرابط https://www.openglobalrights.org

١١. د. الادريسي المهدي ،٢٠١٣، الحالة الانسانية في سوريا مابين مبدأ عدم التدخل ومبدأ مسؤولية الحماية، مقال منشور على موقع النور، تاريخ اخر زيارة17\8\2021 على الرابط http://www.alnoor.se

١٢. بي بي سي، ٢٠٠١، وثائق امريكية: واشنطن كانت على علم بالابادة الرواندية، مقال منشور على موقع news.bbc، تاريخ اخر زيارة 8\8\2021على الرابط http://news.bbc.co.uk

١٣. ريجيرت بيرنت ،٢٠٠٧، اعداد هيثم عبدالعظيم قضية اقليم كوسوفو بين تجاذبات القوى الدولية، مقال منشور على موقع dw، تاريخ احر زيارة 19\9\2021 على الرابط https://www.dw.com

١٤. ايفانس كاريث ،٢٠١٣، مفهوم" مسؤولية الحماية" لايزال داخل اللعبة السياسية رغم سقوطه في ليبيا وسوريا، مفال منشور على موقع opendemocracy، تاريخ اخر زيارة 23\8\2021على الرابط https://www.opendemocracy.net

١٥. بيدوكان نورالدين ،٢٠٢٠، مبدأ عدم التدخل في القانون الدولي، مقال منشور على موقع مجلة النمارة للدراسات القانونية والادارية، تاريخ اخر زيارة 2021\9\25 على الرابط https://revuealmanara.com
١٦. السراج عبد الرحمن ،٢٠١٢، الثورة السورية الحرة، التدخل الانساني في سوريا بين الاعتبارات القانونية والسياسية، مقال منشور على موقع freesyrianrevolution تاريخ اخر زيارة2021\10\1 http://freesyrianrevolution.blogspot.com
١٧. د. نافع بشير موسى،٢٠١١، التدخل الغربي خطر ليبيا .. خطر على سوريا ، مقال منشور على موقع القدس العربي، تاريخ اخر زيارة 2021\8\2 على الرابط https://www.alquds.co.uk/
١٨. جيمني بي. اس. ،٢٠١٣، مبدأ "مسؤولية الحماية" و سوريا: الامبريالية بوجه انساني، مقال منشور على موقع opendemocracy ، تاريخ اخر زيارة 2021\10\1 على الرابط https://www.opendemocracy.net
١٩. ايوب نزار،٢٠١٧، التدخل الدولي الانساني في سوريا ومسؤولية الحماية، مركز حرمون للدراسات المعاصرة , تاريخ اخر زيارة2021\9\16على الرابط https://harmoon.org

**لقی سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی**

**گۆڤاری زانستی و راپۆرت**

20. Annan ,K.,2000, we The peoples , The role of the United nations in The 21 St . Century, New York , United nations department of public Information.
21. United Nations ,2004, A more secure world: Our shared responsibility, Report of the High-level Panel on Threats, Challenges and Change.
22. Collier,P.,2008 The Bottom Billion: Why the Poorest Countries Are Failing and What Can Be Done About It, Oxford 57 University Press, Oxford.
23. Evans, G., 2008. The Responsibility to Protect: An Idea Whose Time Has Come… and Gone?. International relations, 22(3), pp.283-298.
24. Thakur,R.,2014, Syria and The responsibility to protect , icinde Robert .
25. Mckay, D., 2014, Syria and Humanitarianism in Crisis , bristol , International relations.
26. JANZEKOVIC,J., SILANDER, D.,2014, Responsibility to Protect and Prevent: Principles, Promises and Practicalities, (Anthem Press).

27. BELLAMY,A., DUNNE, T., 2016, The Oxford Handbook of the Responsibility to Protect, (Oxford University Press).
28. HILPOLD, P., 2014, (Ed.), Responsibility to Protect (R2P), A New Paradigm of International Law?, (Brill Nijhoff,)
29. Dr. Adams,S.,2015, failure to protect: Syria and the UN Security Council, global center for the responsibility to protect occasional paper series no.5.

**دکتۆرانامە**

30.Colatin,S.,D.,T.,2016, The Syrian Crisis and the UN Security Council system: An International Law Stalemate, Master's Degree programme=Second Cycle (D.M.270/2004) in International Relations, Ca' Foscari University of Venice.

## سەرچارە ئەلکترۆنیەکان

31. UN, 2021. *United Nations.* [Online]
Available at: https://www.un.org/en/genocideprevention/about-responsibility-to-protect.shtml
[Accessed 8 may 2021].
32. ICRtoP, 2021. *Global Centre for the responsibility to Protect.* [Online] Available at: https://www.globalr2p.org/international-coalition-for-the-responsibility-to-protect/#:~:text=The%20International%20Coalition%20for%20the,and%20consistent%20implementation%20of%20the[Accessed 8 June 2021].
33. ICRtoP(1). (2017, n.d.). An Introduction to the Responsibility to Protect. Retrieved from International Coalition for the Responsibility to Protect: http://www.responsibilitytoprotect.org/index.php/about-rtop
34. UNRIC. (2021). R2P - A Short History. Retrieved from United Nations Regional Centre for Western Europe: Available at http://www.unric.org/en/responsibility-to-protect/26981-r2p-a-shorthistory[Accessed 9 june 2021].
35.Global Centre for the Responsobolity to Protect.2001 [Online] Available at: https://www.globalr2p.org/resources/the-responsibility-to-protect-report-of-the-international-commission-on-intervention-and-state-sovereignty-2001/#:~:text=Responsibility%20to%20Protect-,The%20Responsibility%20to%20Protect%3A%20Report%20of%20the%20Intern
[Accessed 7 June 2021]
36. ICISS, 2001. *Tolerance Project.* [Online]
Available at: https://tolerance.tavaana.org/en/content/responsibility-protect-r2p
[Accessed 11 June 2021].
37. haim, M., 2011. *hwy Libya, but noy Syria.* [Online] Available at: https://carnegieendowment.org/2011/05/18/why-libya-but-not-syria-pub-44067
[Accessed 18 8 2021].
38. GLOBAL CENTRE FOR THE RESPONSIBILITY TO PROTECT, 8 October 2016, Syria: Five Years, Five Vetoes, 280,000 Dead , https://www.globalr2p.org/publications/syria-five-years-five-vetoes-280000-dead/, last visited 9/5/2021
39. WRIGHT, J., 2017. *The Modern Law of Self - Defence.* [Online]
Available at: http://www.ejiltalk.org/the-modern-law-of-self-defence/6\7\2021
[Accessed 11 9 2021].

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

40. EVANS, G., 2013. *R2P Down but not out after Libya and Syria.* [Online] Available at: https://www.opendemocracy.net/openglobalrights/gareth-evans/r2p-down-but-notout-after-libya-and-syria
[Accessed 22 9 2021].

## The Syrian Crisis in The Perspective of the (Principle of the Responsibility to Protect)

**Dr. Zubir Rasool Ahmed**
Department of International Relations& Diplomacy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zubir.ahmed@su.edu.krd

**Brwa Ismail Ibrahim**
Institute of Administative Technical, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Master's student, Faculty of Law& International Relations, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
brwaismail247@gmail.com

***Keywords:*** *Syrian crisis, Security Council, Responsibility to Protect, Humanitarian Intervention, Veto*

## Abstract

The responsibility to protect(R2P) is defined as "an international norm that seeks to guarantee the no failure of international community once more to confront heinous collective crimes like genocide, war crimes, racial extermination and crimes against humanity" This concept emerged due to failure of the international community to respond to these atrocious crimes that took place in Rwanda and the former Yugoslavia in the 1990's.

The idea of the R2P appeared in 2001 by an international commission on intervention and state sovereignty, and it was developed to remove the barrier standing in the way of humanitarian intervention. It was expected that the crimes of genocide draw the attention of the international community. The Syrian crisis is considered one of the

biggest catastrophes of the twenty-first century lasting more than ten years, which violated all international laws, using chemical weapons and the immigration of millions of civilians. The role of United Nations for humanitarian intervention in Syria is not worth mentioning because of non-agreement of international community, especially Russia's support for the Assad regime by using its veto in decisions of Security Council. The paragraph of the "R2P" law (particularly the first column, the state's responsibility to protect its citizens) has been voted on and called for five times since 2011, due to human rights violations in Syria.
In conclusion, the term R2P was not overall successful because of the weakness of the international community in confronting the international crimes, therefore the human tragedy of Syria is now one of the clear and apparent failed models in implementing the paragraph of the R2P law.

# الازمة السورية من منظور (مبدأ مسؤولية الحماية)

**ملخص**
مسؤولية الحماية "Responsibility to protect" معروفة بأنه "معيار دولي لغرض وضع حد لضمان عدم انتصار المجتمع الدولي مرة اخرى ضد الجرائم البشعة ارتكبت ضد المجموعات مثل الجرائم الابادة الجماعية و جرائم الحرب و الابادة العرقية و جرائم ضد الانسانية". تاريخ ظهور هذا المفهوم يعود الى نتيجة لعدم نجاح المجتمع الدولي في الرد و الوقوف في وجه هذا العمل الوحشية الذي حصل في رواندا و يوغسلافيا السابق في تسعينات العصر السابق. ظهر فكرة المسؤولية الحماية عام 2001 من قبل اللجنة الدولية المعنية بالتدخل وسيادة الدولICISS و طورت الفكرة نفسها من اجل ازالة هذه الحاجز التي يقف امام المداخلة الانسانية. كان من المتوقع ان الجرائم الابادات الجماعية أن الجرائم الابادات الجسيمة يلفت نظر المجتمع الدولي. ازمة سوريا يعتبر من اكبر فاجعات قرن الواحد و العشرون, التي ادامت لأكثر من عشرة سنوات، التي اختل جميع القوانين الدولية، باستخدام الاسلحة الكيمياوية و لجوء ملايين المواطن المدني، على رغم عدم اتفاق المجتمع المدني و خصوصا دعم روسيا لنظام الاسد باستخدام حق فيتو في قرارات مجلس الامن، جعل ان الامم المتحدة لم يأخذ دوره كما يجب لمداخلة الانسانية في سوريا. تم التصويت على فقرة قانون (المسؤولية لحماية) (بالأخص فقرة العمود الاول، مسؤولية الدولة لحماية مواطنيه) و المطالبة به منذ عام 2011 خمس مرات، بسبب خروقات الحقوق الانسان في سوريا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

في النتيجة مصطلح مسؤولية الحمايةلم ينجح بشكل عام بسبب ضعف موقف المجتمع الدولي في مواجهة الابادات الجسيمة الدولية، لذلك مأساة سوريا الانسانية الانهو احد نماذج الفاشلة الواضحة و الظاهرة في تنفيذ فقرة قانون مسؤولية الحماية.